تەوەر

# نووسەر و خۆکوشتن

ئا: ڕابەر فاریق



★ کاتێک نووسەرێک خۆی دەکوژێ، چی کۆمەکمان دەکا بۆ ئەوەی بزانین لە ڕووی جەستەیی، یاخود ڕوحی لەنێو چووە؟

★ ئەگەر نووسین ڕۆنانی دنیایەکی دی بێ بە وشە، دەکرێ لە هیچ حاڵەتێکدا، خۆکوشتن دەلالەت لە وەها حاڵەتێک بکا؟

★ کەنگێ پرۆسەی خۆکوشتن تێکەڵاوی ئاگایی یان نا ئاگایی دەبێ؟

★ دەکرێ دەوروبەر بچنە نێو پرۆسەی خۆکوشتنەوە؟

★ بەربەستبوونی دەوروبەر لە بەردەم پرۆسەی خۆکوشتندا، واتەی لێسەندنەوەی ئازادیی تاکەکەس دەگەیەنێ؟

وروژاندنی پرسیارگەلێک لە بارەی نووسەر و خۆکوشتن، تا ئەندازەیەک قورسە، بە واتەی: تا ئێستە جگە لە چەند کەسێک نەبێ، ئەگینا خۆکوشتن وەکو ئەوەی هەیە لەنێو نووسەرانی ئێمەدا ئەزموون نەکراوە، دەشێ ئەمەیش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە گەلێک لەوانەی نیگەرانییەکی تەواو بەسەر پێکهاتەی دەقەکانیاندا زاڵە، لەجیاتی خۆکوشتن لەڕووی فیزیکییەوە، ئەم پرۆسێسەیان لەنێو دەقدا ئەزموون کردووە، ئەنجامەکانیش لە ئەنجامدا دوولایەنە کەوتوونەتەوە، واتە: هەندێک لە نووسەرە کوردەکان بۆ ئەوەی خۆیان وەکو کەسانی گۆشەگیر پیشانی خوێنەر بدەن –وەکو دەق– دەقەکانیان بارگاویی کردوون بە وشەی خەمبارانە، هەندێکی دیکەیش هەن بەبێ ویست یان پاڵنەرێکی ساختەوە دەقەکانیان مانیفێست کردووە و تا ئەندازەیەک ئەنجامەکانیشیان جوان کەوتووەتەوە.

ئێمە هەستاوین بە ئامادەکردنی چەند پرسیارێکی تایبەت بە هەمئاهەنگیی و پەیوەندییەکانی نێوان (نووسەر و خۆکوشتن) و نووسین، هاوکاتیش بەرەوڕووی چەند نووسەرێکمان کردوونەتەوە، ئەمەی خوارەوەیش کۆی وەڵامەکانە کە هەر نووسەرێک لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕاڤەی پرسیارەکانی کردووە:

## کاتێک نووسەرێک خۆی دەکوژێ، چی کۆمەکمان دەکا بۆ ئەوەی بزانین لە ڕووی جەستەیی، یاخود ڕوحی لەنێو چووە؟

### عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا



لە نێوان ئەوەی نووسەر وەک جەستە و رۆح لەنێو دەچێت و لە نێوان ئەوەی جەستە و رۆح لە ململانێی بەردەوامدا مانا بە ژیان دەبەخشێت، دوو جۆر لە تێگەیشتن هەیە یەکەمیان مرۆڤ وەک گشت سەیر دەکات. دووەم لەسەر بنەمای نێودژی درووست بووە. یەکەمیان دەرئەنجامە. دووەم هۆکارە.

قسەکردن لەوەی نووسەر وەک دەرئەنجامێک لەنێو دەچێت، جیاوازە لەوەی لە رێگەی نێودژییەکانی دەرەوە و ناوەوەی خۆی تووشی جۆرێک لە بێهودەیی و بێ مانایی ژیان دەبێت و کۆی پەیوەندییەکان بە ژیانەوە دەپچڕێنێت. لێرە قسەکردنی من لەسەر لەنێوچوونی نووسەر بە مانا نێرگزی و دەروونییەکە گوزارشت لە موعاناتی هەڵنانی وشە وەک مەسەلەیەکی ئیبداعی دەکات، و لە موعانات لەگەڵ خودی

خـۆی و لەگـەڵ ئاسـتی هوشـیـاری کـۆمـەڵگە.. کـۆی ئەو حـاڵەتانـەش لەسـەر بنەمـای نێودژییـەکانی ناوەوە دواجـار هەسـتکردن بە نـامـۆیی لێ دەکەوێتـەوە، دەمـەوێت بڵـێم ئەو لەنێوچوونەی لێرەوە قسـەی لێ دەکەم پەیوەستی دەکەم بە نامۆبوونێکی پۆزەتیفەوە و وەک چۆن ئەو نامۆبوونەش راستەوخۆ پەیوەندیی بە دوورکەوتنەوە و کشانەوە لە ژیان هەیە، بەو مـانـایە تێکچـوونی پەیوەندیکردن لەگەڵ کـۆمـەڵگە و دەوروبـەر دەبێـتـە هۆی جیـابوونەوە و چوونەوەی کـەسی نووسـەر بۆ ناوەوەی خـۆی، لە لایەکی دیکە ئەو گـۆشـەگـیـری و چوونە ناوەخـۆیە لەو کـەسـانـەش دەردەکەوێت کە مـەیلی ئایینـی و هـەڵگری غـەریزەی سـادیین، یان ئەوانەی دووچاری نەخـۆشـییـە دەروونییـەکان دەبن، بۆ نموونە هـەڵگرانی غـەریزەی سـادی لـەبەر ئـەوەی ناتـوانـن تەعـــبـیــــر لـەخــــۆیان بکـەن دوژمنـایەتیــــەکــــەیان بۆ نـاوەوە دەگوازنەوە...هـەروەها جـۆرێک لە خەمـۆکی کاتی هـەیە کە بەهـەمان شێوە کەسی تووشبوو هـەست بە نامۆبوون دەکات.

بەڵام چەمکی نامـۆبوون چەندان پێناسـەی جیا جیای لە بوارە جیـاوازەکانەوە بۆ کراوە، بۆ نمـوونە لای هـەریەک لـە (هـۆبز) و (لـۆک) نامــۆبوون لە رووە پـۆزەتیـفــەکـەی کـردەیەکی ویسـتـخـوازانە و ئـازادانەیە، هـەر لـەوێشــەوە پەیوەنـدی بە داهـێنانەوە دەکـات. بەمــجـۆرە نـامـۆبوونی پۆزەتیف لەلایەک لـەرێگـەی خـودئازادییـەوە داهێنانـی لێ دەکـەوێتـەوە، لەلایەکی دیکە ئەوەی نامـۆبوون و داهێـنان بە یەکەوە دەبەستێـتـەوە ئەو دڵەڕاوکێ قـوڵەیە کـە کـەسی (نامـۆ/داهێنـەر) لەگـەڵیدا دەژیت، دەرئەنجامی ئـەو دڵەڕاوکێ قـوڵەش دواجـار لە خـەیاڵدا خۆی دەدۆزێتەوە، بە مانایەکی دیکە لە ڕێگەی خـەیاڵەوە خود لە دنیای دەرەوە جیا دەبێتەوە و هـەر لە ڕێگـەی ئەو جیـابوونەوە و کشـانەوەیە دەتوانین سکێـچێک بۆ لەنێوچوون بکێشین بەو مـانایە لەنێوچوون یان کشـانەوە و جیـابوونـەوە لە ژیان، جیـابوونەوە لەو مـاناو دەلالەتە باوانەی کە سنوورەکانی ژیان دیاری دەکەن نزیکبوونەوە لە ڕۆح دەگەیەنێت.

رۆح لای (هیگل) بکەرە، جـەوهـەری رۆحـیش داهێنانە و مـاهییـەتەکـەی ئازادییـە. لێرەوە دەمـەوێت بڵـێم ئەو لـەنێـوچوونـەی کـە باسـمـان کـرد لە پرۆسـەی داهێنانـدا تەعـبـیـر لە ئازادبوونی ڕۆح دەکات، ئازادبـوونی رۆحیش بە خـاڵـی راسـتـەقـینەی داهێنان دادەنرێت، بەڵام ئەو لـەنێـوچوونە پرۆسـیـسـێکی کـاتییـە و جـارێکی دیکە کـەسی داهێنـەر بۆ ژیان دەگـەڕێتــەوە ، بەو مـانایە نـووسـین دەبێـتـە ئـامـرازێک یان چارەسـەرێک دژ بە کـۆمـەڵێک چوارچێـوەی ئامـادە و تەگـەرەی دەروونی، هـەر لەسـەر ئەو بنـەڕەتە شـیـکردنەوەی دەروونی کـەسـی نووسـەر بە کەسی نێرگزی و عوسابی ناو دەبات.



**یوسف عیزەدین:**

حەز دەکەم سەرەتا ئاماژە بە دوا شیعری "سێرگی یەسنین" بدەم، کە پێش خۆکوشتنی نووسیویەتی:

(ماڵئاوا هاوڕێم ماڵئاوا
خۆشەویستم تۆ لەسینەمدای
ئەو جیابوونەوەیەی کە ڕوودەدا
نوقلانەی دیدارێکە لە دوایدا
ماڵئاوا هاوڕێم، بە بێ قسە و خواحافیزی
خەم مەخۆ و نێوچاوانت گرژ مەکە
نوێ نییە کە لەم دنیایەدا بمرین
ئەگەر زیندەگیش بکەین
بێگومان لەو نوێتر نییە).

گەر بە سادەیی بڕوانینە ئەم چەند دێڕە شیعرییەی کە شاعیرێک پێش خۆکوشتنی نووسیویەتی، هیچ پشێوییەک لە باری دەروونی و حاڵەتێکی نائاسایی نابینینەوە، ڕەنگە بە پێچەوانەوە حاڵەتێکی زۆر ئاساییمان بێتە پێش چاو کە هەر کەسێکی هۆشمەند لەوە حاڵییە کە مەرگ و ژیان وەک دوو چەمک نوێ نین، بگرە هێندەی کۆنی مێژوویی مرۆڤایەتی کۆنن. شایانی باسە کە ئەم شیعرە شیعرێکی جوانیش نییە لەچاو شیعرەکانی پێشتری شاعیردا. ڕەنگە هەبن بڵێن هەر شیعر نییە و بەڵکو نامەیەکی زۆر ئاساییە و زۆرێک لەوانەی خۆیان دەکوژن لەپاش خۆیان جێی دەهێڵن، نامەیەکی ئاسایی بۆ ڕاگەیاندنی کردەیەکی تایبەت و جێ نەهێشتنی هیچ لوغز و پەنهانێک، بە واتای ئەوەی کەخۆم خۆم کوشتووە و کەس لەمەدا تاوانی نییە، سەرباری باسکردنی لە هۆکاری خۆکوشتنەکەی.

بەڵام ئەگەر شتێک قووڵتر ڕۆبچینە نێو ئەو چەند دێڕەی کە"یەسنین" لە پاش خۆی جێی هێشتووە، دەبینین نائاسایی بوون لەوەدایە، کە زۆر ئاسایی "یەسنین" دەیەوێت پێش خۆکوشتنی، لەڕێی هاوڕێیان و خۆشەویستەکەی وەک مەجازێک، خوێنەرانی لەوە ئاگادار بکاتەوە کە مەرگی واتە خۆکوشتنی کارێکی زۆر ئاساییە و هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت و ئەوەی ئەو دەیکات شتێکی نوێ نییە، ساردوسڕی لە دەربڕینیدا جێگەی سەرنجە، تەنانەت هیچ شیکارکارییەکی سایکۆلۆژیش ناتوانێت لە میانی ئەو شیعرەوە بگاتە ئەوەی کە

خاوەنەکەی پاش چەند ساتێک خۆی دەکوژێت.بۆیە ناکرێت سەرپێیی بڕوانینە ئەم شیعرە و دەبێت هەوڵی خوێندنەوە و کەشفکردنی ئەوە بدەین کە"یەسنین" نەیویستووە بیڵێت و شاردویەتییەوە. بەهەرحاڵ ئەمەی سەرەوە نموونەیەکی واقیعی خۆکوشتنی نووسەرێکە کە هێشتاکە تێکستە شیعرییەکانی زیندوون و دەخوێنرێنەوە و بەردەوام ڕاڤە و تەئویلیان بۆ دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدا "یەسنین" مردووە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەتان ئەوە دەپرسم ئاخۆ "یەسنین" لەڕووی ڕۆحی و جەستەییەوە مردووە یان زیندووە، یان دەبێت بپرسم مردنی ڕۆحی و جەستەیی چی دەگەیەنێت، ئاخۆ جیاکارییەکی لەو چەشنە دروستە؟!

قسەکردن لەسەر ڕۆح و جەستە کارێکی ئاسان نییە، هەروەک چۆن جیاکردنەوەشیان جێگەی پرسیارە و زۆر ڕاڤەکاری جودا و جیاواز هەڵدەگرێت، بەتایبەت ئەگەر ئەم گوتەیەی "هیراکلیت" وەبیرخۆمان بهێنینەوە کە دەڵێت:

(هەموو شتێک لە دنیای ڕۆحدا، بە بێ پسانەوە بەرەو دژەکەی دەڕوات). ئەمەو زۆر قسەو گوتەی نووسەران هەیە سەبارەت بەبوونیان لەکاتێکدا کە هەن، "سیۆران" دەڵێت:

(من گومان دەکەم لەوەی کە هەبم)، سەربارى ئەوەی کە ئەم نووسەرە یەکێکە لەوانەی تەنزیری بۆ خۆکوشتن کردووە، یان بابڵێین خۆکوشتنی شکۆدار کردووە و دانی بەوەشدا ناوە کەنووسین لەسەر خۆکوشتن ئارەزووی خۆکوشتنی تێدا نەهێشتووە؟!.

دیارە هەموومان ئەوە دەزانین زەمەن دوژمنێکی سەرەکی ئەو نووسەرانەیە کە دەیانەوێت شتێکی نوێتر لەوەی پێشووتریان بڵێن و بە جدییەتەوە کار دەکەن، هەر بۆیە "ڤرجینیا وۆلف" پاش ئەوەی ئەم دێڕانەی لای خوارەوە دەنووسێت خۆی دەکوژێت، دەنووسێت: (بەڵێ ئەمەیە کە بیری لێ دەکەمەوە، ئێمە بە بێ ئایندە دەژین، ئەمەشە سەیر و سەمەرەیی و لەو کەسە دەچین کە دەرکەیەکی داخراو بکوتێ).

دەکرێت لێرەدا ئاماژەش بە ترسی "هنری جێمس" بدەین لەزەمەن کە هەر بەرەو پێشچوونێکی هەنگاوێک زیاتر لە مەرگمان نزیک دەکاتەوە، دەڵێت: (ئەوەی کە لە دەوروبەرتان دەیبینن لێخوردبنەوە و بیقۆزنەوە، هاتنی تەمەن بقۆزنەوە، من خۆشم تێکشکانە تایبەتییەکی خۆم دەقۆزمەوە، ڕەنگە بەم شێوەیە هەموو شتێک بەکەڵک بێت، یان لانی کەم ئەمە بە ئاوات دەخوازم، بۆیە دەمەوێت باشترین شت کەزەمەن پێم دەبەخشێت بیقۆزمەوە).

کورتی زەمەن و هەستکردن بە نزیکبوونەوەی مەرگ و بێمانایی زیندەگی کردن و خودی

ژیان و چەندین شتی دیکە وادەکات کە نەک هەر نووسەران بەڵکو کەسە ئاساییەکانیش بیر لەخۆکوشتن بکەنەوە. زۆر لە مێژەوە مرۆڤ بۆ ئەوەی هەمیشە بژی و بمێنێتەوە، بە شوێن نەمریی و ژیانێکی هەتاهەتاییدا گەڕاوە، تەنانەت بەشێکی خەیاڵاتی زیندووبوونەوە و هەڵسانەوەی پاش مەرگ و وێناکردنی بەهەشت وەک شوێنێک کە دەکرێت مرۆڤ پێی بگات، لە واقیعی ئەو شکستەوە هەڵدەقووڵێت، کە مرۆڤ لە دنیای واقیعدا لای بۆتە یەقین، بەڵام قبووڵنەکردنی ئەو عەدەمەی کە هیچ مانایەکی نییە و مرۆڤ خوازیار نییە بۆی بچێ، دنیایەک شتی سەیر و سەمەرەی هێناوەتە نێو تێڕوانین و ئەندێشە و خەیاڵگەی مرۆڤەوە.

تەنانەت لە سەردەمی ڕێنیسانسدا "داڤینشی"، وەک خۆی دەڵێت: (دەمەوێت موعجیزە دروست بکەم)، هەوڵی دروستکردنی دڵێکی میکانیکی داوە، کە ڕاوەستان نەزانێت و ئیدامە بە ژیان بدات، شایانی باسە "داڤینشی" شەوانە بە دزییەوە چووەتە بەشی تایبەت بە مردووەکانی نەخۆشخانەی "سانتا مارینا" و بە توێکاریکردنی جەستەکانەوە خۆی سەرقاڵ کردووە، دیارە ئەم کارەی بەو مەبەستە نەکردووە کە ببێتە پزیشک، بەڵکو مەبەستی سەرەکی ئەو جارێکی تر ژیانەوەی مردووەکان بووە و ویستوویەتی ڕۆڵی ئافەریدەکارێک ببینێت، هەر بۆیە لەنێو هەناوی مردووەکاندا بە شوێن لوغزی ژیاندا گەڕاوە.

ئینتیمای جەستەیی ئێمە بۆ مێژوویەکی دیاریکراو یەکێکە لە کارەساتەکان، وەک "ڕۆلان بارت" یش دەڵێت: (ئەگەر بمەوێت بژیم دەبێت ئەوە لە یاد بکەم کە جەستەم ئینتیمای بۆ مێژوویەک هەیە، بەڵکو دەبێت خۆم نغرۆی ئەو وەهمە بکەم کە من هاوچەرخی جەستە کەم تەمەنەکانم نەک جەستەی ڕابردووم).

**ئارام کاکەی فەلاح:**



ئەوەی کۆمەکمان دەکات کۆمەڵێک تێکستە کە نووسەر دەیخاتە بەردەستی خوێنەر. من لێرەدا باسی لەناوچوونی نووسەر ناکەم بۆ جەستەی، چونکە ئەوە تەنیا فیزیۆلۆژییە و مردن دەگەیێنێ، ئەوەی لێرەدا گرینگە بۆ پرسیارەکە لە ناوچوونێکی ڕووحییە کە تێکستێک دەیبەخشێتە ئێمە. هەر وەک چۆن لەشی مرۆڤ پێش نەخۆشی کۆمەڵێک هێما و ئاماژە دەداتە دەرەوەی خۆی وەک ئاگادارکردنەوەیەک ، هەندێ تێکستیش هەمان وەزیفەی هەیە، تۆ

لەناو چیرۆکێکدا، ڕۆمانێکدا، شیعرێکدا هەستی تەواو دەکەیت بەوەی کە نووسەرەکەی ماندووە و لە بارێکی دەروونی دژواردایە، هەست دەکەیت تێکستەکە هاوارێکە و خاوەنەکەی داوای یارمەتی دەکات، تێکستی کوردی پڕێتی لەو هاوارانە، بەتایبەتی تێکستی گەنجەکان، بۆیە دەبێ ئێمە هەمیشە ئاگامان لێیان بێت و تێکستەکانیان بە جیدی وەرگرین. تۆ سەیری شیعر و چیرۆکی گەنجەکان، پڕن لە مردن و خۆکوشتن و تەنیایی و قەبر و تاریکیی و تارمایی و نیگەرانی و تەرم و شەڕ و بەدبەختی و خوێن. ئەم فەرهەنگە حەز ناکەم ببێتە فەرهەنگی گەنجەکان ، حەز ناکەم ببێتە شێوازی نووسین و زمانی دەربڕین و مۆنۆپۆلی تێکستەکان بکات، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنی کە ئەوان باسی ئەو شتانە نەکەن کە ژیانیانی لەت و پەت کردووە.من دەزانم زۆر هۆ هەن کە وایان کردووە نووسینی کوردی ئەو جۆرە ڕەوتە وەربگرێ. زەقترینیان ڕەنگە ئەو بارە ناجێگیرە بێ کە کوردستان پیای تێپەر دەبێ و ئەمەش بە هەموو کێشی خۆیەوە دابەزیوەتە ناو تێکستەکانەوە. بەشێکی تریشی هەوڵنەدانی گەنجەکان خۆیانە بۆ خۆڕاپسکاندن لەو فەرهەنگەی کە نەوەی پێش خۆیان بۆیان جێ هێشتووە، بەشێکی تریشی تەنها چاولێکردن و لاسایی کردنەوەیەکی ڕووتە و هیچی تر. هەندێکیان وا دەزانن گەر چیرۆکێک ئەو وشانەی تیا نەبێت ناخوێنرێتەوە. گەر شیعرێک باسی تەنیایی و سووتانی و نیگەرانی نەکات سەرنجی کەس ڕاناکێشێت. بێگومان بەشێکی تریشی پەیوەندیی بە تەمەن خۆیەوە هەیە، بەبڕوای من مرۆڤ تا بیست ساڵی وا دەزانێت دنیا دەگۆڕێت و دنیا گۆڕین ئاسانە، بەبێ ئەوەی بزانێت چۆن؟بە بێ ئەوەی بزانێت کە کاریتەکانی دونیا هێندە قووڵ ڕۆچوونە کە بە خەیاڵ نەک تەنیا ناڕووخێن بەڵکو جووڵەش ناکەن. لە بیستەوە تا سی هەوڵ دەدات خۆی بنووسێتەوە، خەمی خۆی و سووتانی خۆی و ماڵی کاولی خۆی و کۆڵانە بەدبەختەکەی، بەڵام لە دوای سییەوە نووسەران دەکەونە نووسینەوەی دونیا .دونیایەکی گەورەتر و لە ئاستێکی فراوانتردا دەیبینن. بەڵام ئەمەی من دەیڵێم یاسا نییە و ئەوە ناگەیێنێ کە نابێ لە چل ساڵیدا باسی خۆت بکەیت، یان نابێ لە بیستدا باسی هەموو دوێنا بکەیت. نەخێر من مەبەستم ئەوە نییە ، هەموومان ڕامبۆی شاعیرمان لەبەر چاوە کە لە نۆزدە ساڵیدا چەند قەسیدەی جوانی نووسی و کاریگەریی لەسەر هەموو شیعری جیهانی بەجێهێشت، یان شاعیری ڕووس ئەلیکسەندەر بلوک دیسانەوە لە نۆزدە ساڵیدا بە شیعرەکانی وەکو ساحیرێک پێشبینی ڕووداوە سیاسییەکانی ١٩٠٥ ی دەکرد. نەک تەنها ئەوان بەڵکو زۆری تریش لە تەمەنی کەمدا شتی گەورەیان وتووە. ئێمەش هەموومان

کەم تا زۆر باسی خۆکوشتن هاتۆتە بەرهەمەکانمانەوە، خۆکوشتن لە هەموو سەردەمەکاندا پرسیارێکی ئەکتوێلە و دێتە ناو نووسینەوە، بەڵام مرۆڤ دەبێ زۆر بە ئاگاییەوە بەکاری بێنێت. من خۆم چیرۆکی (زێراب)م لە تەمەنی ٢٤ساڵیدا نووسی ، لە کاتی خۆیدا ناردم بۆ گۆڤاری (یەکگرتن) کە لە دانیمارک دەردەچوو، لە ژمارەی ٥ ی ساڵی ١٩٨٨ دا بڵاوکراوەتەوە، دوایش لە ١٩٩١ دا لە کۆمەڵە چیرۆکی یەکەممدا هەر بە ناوی (زێراب)ەوە لە سوید بڵاوکراوەتەوە، لەوێدا من باسی گەنجێک دەکەم کە دەیەوێت بە ژەهر خۆی بکوژێت، گەنجێک کە لە سەربازی ڕایکردووە و بە تەنیا لە ژێرزەمینێکدایە لەگەڵ کۆمەڵێک مشکدا دەژی، من کاتی خۆی دوای تەواوکردنی زانکۆی موسڵ بەشی زانستی فیزیا، نەچووم بۆ سەربازی و نەمویست بەشداری شەڕ بکەم، چووم بۆ ئێران و دوای ئەوەش بۆ شام. لە شام ئەو چیرۆکەم نووسی، لە حاڵەتێکی دەروونی زۆر خراپدا دەژیام ، ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە وا دێتە بەرچاوم کە ڕەنگبێ ئەو چیرۆکە منی لە مردن ڕزگار کردبێت، وەک پاڵەوانەکە لە جیاتی نووسەرەکەی خۆی بکوژێت. کاتی خۆی لە نامەیەکدا لە ١٩٩٨ دا هاوڕێی ئازیزم چیرۆکنووس کاروان کاکەسوور، ئەم چیرۆکەی بە باشترین چیرۆکەکانی من لە قەڵەم دا و دەنووسێ بە ڕاستی ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بە جیدی باسی چیرۆکی هونەریی ئەم سەدەیەی خۆمان بکەین ، ناکرێت ئەو کۆمەڵە چیرۆکە لە بیر بکەین و لە سەریان نەوەستین، ئەو ئێستاش هەر چیرۆکێک بنووسم بە زێراب بەراوردی دەکات و باسی دەکاتەوە و حەز دەکات من بەو شێوەیە بنووسم ، منیش هەمیشە پێی دەڵێم دانیشە کاروان من قەت نامەوێ وەک زێراب بنووسمەوە. ئەو سەردەمە ڕۆی ، نامەوێ پاڵەوانەکانم خۆیان بکوژنەوە، چونکە من ئێستا پاڵەوانەکانم لەجاران خۆشتر دەوێن. هەروەک چۆن من نامەوێ وەک زێراب بنووسمەوە، نامەوێ کاروانیش ئێستا وەک چیرۆکە باشەکانی کۆمەڵە ئەسپیدیلۆن و منداڵیم ئاسکێک بوو بنووسێت، چونکە بۆ ئەویش ئەو زەمەنە ڕۆی. بۆیە هەردووکمان دەبێ شتی تر بنووسین و دونیای تر تاقی بکەینەوە.

**هێمن حەمەجەزا:**



وەختێک ئیدی کە دەبینین نووسەر تەنها لەناو تێکستەکاندا نووسەرە و لە دەرەوەی کردەی نووسین وەک هەر یەکێکی دی دەبێتەوە بەو کەسەی کە بە هیچ جۆرێک توانای قەبوڵکردنی نامەئلووفییەتی ئەوانی دی و هەندێک

وێستگەی غەیرە سوونەتی نێو خودی ژیانی نییە! ئەمە لە حاڵێکدا نووسین بۆ خۆی دەرخستنی یاخود کەشفکردنی ئەو سوچ و پەنایانەی نێو ژیانە. واتا نووسین بەبڕوای من پرۆسەیەکە بۆ نوسینەوە و یاداشتکردن و کەشفکردنی هەندێ لەحزەی ژیان، کە زۆرینە (کۆمەڵگە) هێڵێکی سووریان بە دەوریدا کێشاوە و بەهیچ جۆرێک ئامادەی قەبوڵکردنی نین! لەلایەکی دی کردەی نووسین پرۆسەیەکە بۆ یاداشتکردنی یاخود بەیانکردنی ئەو بیروڕا و مەعریفە زاتییەی کە خودی نووسەر هەڵگریەتی... تۆ تەماشاکە تێکستی کوردی چەند پڕە لە میهرەبانی و لە گەڕانەوە بۆ ناو خود و لە شەرعییەتدان بە نامەئلوفییەت و لە قسەکردن لەسەر تەنیایی و بێدەنگی و لە دەستبردن بۆ حەرام و لە خستنەڕووی ئەو حاڵەتە نەشازانەی کە تاک هەڵگریەتی و ... هتد. بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە ئاخۆ نووسەری ئەم تێکستانە توانای یاخود قەبوڵکردنی ژیانیان هەیە، بەو جۆرەی کە لە تێکستەکانیاندا دەینووسنەوە و بەیانی دەکەن؟

بەداخەوە ئێمە زۆرینەی نووسەرەکانمان هێندەی لەسەر ئاستی نووسینەوە توانای قەبوڵکردنی جیاوازییان (ئیدی جیاوازی لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیان) هەیە، نەک نیو هێندە لە دەرەوەی کردەی نووسین وەها باوەڕێکیان نییە، بەڵکو (١٨٠)پلە پێچەوانەی ئەو تێکستانە لە ژیان دەڕوانن و دەژین، کە هەر خودی خۆیان بەرهەمهێن وخوڵقێنەرو نووسەرەوەیان یاخود باشتر بڵێم نووسەریان بوون. کەواتە ئێمە لێرەوە یان لەم کەناڵەوە تێدەگەین ودەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئەگەر نووسین پەیامێک بێت، ئەوا ئێمە لەبەردەم پەیامبەرێکی درۆزنداین! ئیدی ئەمە ئەو لەحزەیە کە ئێمە دەتوانین بێ دوودڵی تیایدا بەیانی مەرگی نووسەر (لەڕووی جەستەیی ورۆحییەوە) بکەین.

**مەهدی زریان:**



نووسەر، هەندێک جار لە پێناوی مانەوەی خۆیدا هەڵدەستێ بە کوشتنی دەق، ئیدی (حەربا) ئاسا ڕەنگی لەگەڵ بارەکەدا دەگۆڕێ و خۆی دەگونجێنێ، بەڵام لە ڕاستیدا نووسەر خۆی سڕیوەتەوە و دەقەکانی خۆیشی کوشتوون، بۆ ئەمەیان نامەوێ نموونە بهێنمەوە، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە نووسەرانە ئەوەندە زۆرن بە سانایی دەناسرێنەوە و دەقەکانیشیان هیچ کاریگەرییەکی ئاکتیف و جوان بەجێ ناهێڵن.



**عەبدولخالق یەعقووبی:**

بە بڕوای من، نووسین دنیایەکە زۆر بێبەزەیی، گەلەک هەڵدەکەوێ نووسەرانی جیدیی و پڕ کار گەشبین و شادمان بن. نووسین، بخوازی و نەخوازی دەتبا بەرەو خەرەندەکانی تێرامان و گومانکردن، با زۆریش قووڵ و ڕاست نەبن، بەڵام دواجار تاقەت پڕوکێن و پشت چەمێنن، بۆ وێنە، بڕوانە ژیانی نووسەرانێکی لە چەشنەکانی نیچە و داستایڤسکی و سادقی هیدایەت و ... کەوا لە ڕاستیدا بە هیچ شێوەیەک ڕووبەڕووی شادمانیی نەبوونەتەوە، واتە: ژیانیان هەمووی هەر مۆتەکە و تاڵی و هەناسە ساردی بووە. نیچە لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا شێت بوو، داستایڤسکی لەبەر نەخۆشییەکانی و قەرزباری سەری نایەوە، سادقی هیدایەت-یش بە دەستی خۆی گیانی خۆی سەند.

ڕاستە باری ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەریی زۆری هەیە لە هەمبەر جۆری دیدی نووسەر بۆ مەسەلەی مەرگ و ژیان، بەڵام خودی دیاردەی نووسین دۆخگەلێکی وەها بۆ نووسەر دەخوڵقێنێ کە کاریگەریی ئەو دۆخە بە سەدان قات لە کاریگەریی بەهێزترە. نووسەر، ئەوەندەی بە دەست کێشە و مەرگەساتی خوڵقاندنیەوە دەناڵێنێ، ئەوەندە دەروەستی ژیانی واقیعی و دەوروبەری خۆی نییە و ئەوەیش یەکێکە لە جوداوازییەکانی نووسەری جیدی و نووسەری کەمتەرخەم. بە کورتی و بە تێڕوانینی من، نووسەر تا وردتر و جیدی تر بێ، لە باری جەستەیی و ڕۆحییەوە هێندەی تر تێک دەشکێ.

**ئەگەر نووسین ڕۆنانی دنیایەکی دی بێ بە وشە، دەکرێ لە هیچ حاڵەتێکدا، خۆکوشتن دەلالەت لە وەها حاڵەتێک بکا؟**

**عەبدولوتەلیب عەبدوڵلا:**

خۆکوشتن دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە بە پێی کەلەپوور و ئاستی هوشیاری و جیهانبینیی کۆمەڵگە دیدوبۆچوونی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بە مانایەکی دیکە خودکوژی مەسەلەیەکە پەیوەندیی بە تاک و کۆمەڵگەوە هەیە، بۆ نموونە نەگونجانی تاک لە پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگە و هەستکردن بە گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە و نێرگزییەت، لە لایەکی دیکە لەو کۆمەڵگەیانەی کە گۆڕانکارییە خێراییەکانی سەردەم بەڕێوەیان دەبات، تاک هەست دەکات

توانای ئەوەی نییە فریای وەدەستهێنانی ئاوات و خەونەکانی بکەوێت...

بەمجۆرە خودکوژی لە یەکەمیاندا وەڵامدانەوەی گۆشەگیرییە و دەکەوێتە ناوەوە، لە دووەمیاندا وەڵامدانەوەی کرانەوەیە و دەکەوێتە دەرەوە. یەکەمیان رەفتارخوازی بەڕێوەی دەبات، دووەمیان فەزایەک لە بێهودەیی، دواجار بە نەخۆشە دەروونییەکان و مادە بێهۆشکەرەکانەوە بەندیان دەکات.

بەڵام ئەگەر لە ڕووی فەرهەنگییەوە سەیری بکەین خودکوژی بە کردەیەکی ویستخوازانە تەماشا دەکرێت، بەو مانایەی کە کەسی خودکوژ دەیەوێت سنوورێک بۆ ژیانی تایبەتی خۆی دیاری بکات، بەڵام لە ڕووی پزیشکییەوە وێرانکردنی خود دەگەیەنێت، وەک چۆن لە ڕووی یاساییەوە مەرگ دەبێ ئامانجی سەرەکی کەسی خۆکوژ بێت، نەک یەکێک بێت لە ئامانجەکان. (دۆرکهایم) لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێناسەی خۆکوژی کردووە و پێیوایە خۆکوژی ئەو مردنەیە کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە کردەیەکی پۆزەتیف یان نێگەتیفەوە سەرچاوە دەگرێت خودی خۆکوژ پێی هەڵدەسێت.

ئاشکرایە کە پرسیارەکە بە دوای ئەو رەهەندە زمانەوانی و پزیشکی و یاساییانەدا ناگەڕێت، بەڵکو بە بڕوای من یان من حەز دەکەم دوای ئەو نیشتیمانە نادیارەی بخەم کە داهێنەران درووستی دەکەن. بەڕای من ئەو نیشتیمانەش لەسەر خیانەتی بەردەوامی زمان کار دەکات، ئەو نیشتیمانەی کە داهێنەران لە رێگەی خیانەتی زمان بونیادی دەنێن وەک چۆن جیاوازییەکان دەنەخشێنێت، بە دیوەکەی دیکە، بە مانا (بارت)ییەکەی جۆرێکیشە لە خودکوژی. لەو سیاقەدا بۆ ئەوەی لە بەرامبەر دەستەواژەی نیشتیمانی نادیار و خیانەتی زمان و پەیوەستبوونیان بە خودکوژی دووچاری بەدحاڵیبوون نەبین، هەوڵ دەدەم هەندێ ڕوونکردنەوە بخەمە بەرچاو هەر لەوێشەوە دەڵێم مەبەستم لە نیشتیمانی نادیار نیشتیمانی داهێنانە، نیشتیمانێک کە بە خاوەنبووون ڕەتدەکاتەوە وەک فەزایەک بۆ جیاوازی، وەک فەزایەک بۆ هەڵنانی جوانی و چێژ خۆی دەنوێنێت، وەک فەزایەک بۆ بیرکردنەوەو خەیاڵی ئەوی دیکە، فەزایەک کە زەمەن تێیدا زەمەنی قوڵاییە نەک رووەکی، زەمەنی ستوونییە نەک ئاسۆیی، فەزایەک کە خیانەتی بەردەوامی زمان نازی دەکێشێت...

کەواتە خیانەتی بەردەوامی زمان وەک چۆن زمان لە جیوەبووونیدا بەرجەستە دەکات، بە دیوەکەی دیکەش لەسەر ڕەتکردنەوەی پیرۆزی و گۆڕانی بەردەوامی دەلالەت و ماناکان ڕاست دەبێتەوە، ئەگەر ڕووە ئاوێنەدارەکەی بە جیوەبوونی زمان پڕشنگ و چێژ بەخشین بێت، ئەوە دیوەکەی دیکەی یان ئەو دیو و ئاوێنە بە تێکشکانی بەردەوامی ماناو دەلالەت

دەکــەوێتــەوە، تێکشـکانێک کــە دواتر لەســەر بونیـادنانەوە دێتــە ناوەوە. تێکشـکان و بونیادنانەوەی بەردەوامی مانا و دەلالەت ئەگەر لە ڕوویەک لە ڕووەکانیدا تەعبیری گۆڕانی بەردەوامی لەخـۆدا هەڵگرتبێت، لـە ڕوویەکی دیکەی خیـانەت نیشـان دەدات، بە مـانایەکی دیکە ئەگەر لە ڕووە ئاوێنەییـەکەی گۆڕانی مـاناو دەلالەت نیـشـان بدات، ئەوە لە ڕووەکـەی دیکە خیانەت کردنە لە کۆی ئەو مـاناو دەلالەتانەی کە پێشتـر زمان لەسـەریان وەستـا بوو، خیانەت کردنە لە کۆی ئەو پیرۆزییانەی کە کۆمـەڵگە بنەما جێگیرەکانی لەسـەر راناوە. ئیتر ئەوە خـیـانەتی زمـانە کـە سنوورەکـانی مـانا و دەلالـەتی باو دەبەزێنێ و وشــە بە ڕووە جیاوازەکان و دەلالەتە جیاوازەکانییەوە دووبارە بەرجەستە دەکاتەوە و ڕەهەندی جیاوازیان پێ دەبەخشێت. ئەگەر داهێنەر بڕوای بە خیـانەتکردن و خـەڵەتاندنی زمـان نەبێت، بڕوای بە رووە جـیاوازەکـانی وشـە و رەنگە جـیـاوازەکانی وشـە نەبێت ناتوانێت جـوانی و چێـژ فەراهەم بکات. ئەگەر داهێنەر بڕوای بە گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ماناو دەلالەت نەبێت، بڕوای بە لە نوێوە ناونانی شـتـەکان نەبێت هـەرگـیـز پەی بـەو نیشـتـیـمـانە نـادیارە نابات، نهێنی داهێنان خیانەتی زمان بەڕێوەی دەبات خیانەتی زمانیش بەرئەنجامی گۆڕانکارییە بەردەوامـەکـانی ژیارییـە، بەرئەنجامی ئەو هێـزەیە کە لەسـەر وێرانکردن و بونیـادنانەوەی بەردەوام رادەبێـتــەوە، نەک هەر لەســەر منی دەقی گـەورە رانـاوەسـتـێت، بەڵکو لەپێناو خـەڵقکردنێکی دیکەی هایدگـەرییـانە لە عـەدەمێکەوە بەرەو عـەدەمێکی دیکە هەنگاو دەنێت، لە پێناو گەڕان بە دوای جوانی بە مانا نیچەییەکەی..

لێرە لەو نیـشـتـیـمـانە نادیارە نە بە یـادهێنانەوە ئەرزشی بۆ دادەنرێت، نە منی سـادی و نێرگزی و مازۆخی... لەو نیشتیمانە نادیارەدا زنجیرەی وشـەکان لێک دەترازێن ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئیبداعە، بەو مـانایەش بە مانـا ئەدۆنیـسـییـەکەی بە تەقینەوەی زمان دەگەین و دەق پارچە پـارچە دەبێت و دەبێـتـە چۆڵاییـەکی خـەلـلاق ئەوەش دەقی (نیـچـە)یـیـمـان بیـر دەخاتەوە، دەقێک کە لە بەشتبوون رزگاری بووە، هەر بەو مـانایەش نووسین دەشێ رۆنانی ناباو بێت لەبەرامـبـەر دنیـایەکی بـاودا، خـزین بێت بەرەو فـەنابوون، هـەڵاتن لە بـوون بێت، عـەدەم بێت، بەڵام هـەرگـیـز هـەڵاتن لە بوون تەعـبـیـر لە ونبـوون ناکـات، چونکە وەک بوون وجودی هەیە، نە شت نییـە چونکە بۆخـۆی شتـە، وەک چۆن عـەدەم نییە بە مـانای کۆتایی، بەڵکو ئەو عەدەمە جەوهـەری زەمانە ئەگەرچی لە زەمان دەرناکەوێت، بەو مانایەش زەمان لە ئەژمارکردنی جوولەکانییەوە سەرچاوە ناگرێت وەک ئەرستۆ بڕوای پێ هـەبوو، بەڵکو مرۆڤ لەڕێگەی خێراییـەوە لەگەڵ زەمـان دەجـەنگێت، خێرایی بـەرەو پێشـەوەی دەچێت و زەمـەن

بەرەو دواوە.

کەواتە نووسین ڕووتکردنەوە و ڕەتکردنەوەیەکی ڕەهایە لەسەر خێرایی، هەستکردن بە عەدەم دوودڵییەکانی داهێنەر بەرجەستە دەکات، دوودڵی لە نووسیندا دەبێتە چارەسەرێک کە دەنگی مردن رایدەژەنێت، بەو مانایەش دنیای نووسین لەو هێزە لەناوبەرە شەیتانییە بونیادنراوە کە جێگیربوون قبوڵ ناکات. نووسین شەیتانییەتێکە لەسەر ئەژمارکردنی جوولەکانی زەمان ناوەستێت، بەڵکو جوولەکانی زەمان دەهاڕێت. لە دنیای نووسیندا عەدەم زەمانە و زەمانیش عەدەم، کەواتە ئەو نیشتیمانە نادیارە لەسەر خیانەتی زمان درووست بووە و خیانەت کردن لە زمانیش کردەیەکی ویستخوازانە و ئازادانەیە بەو مانایەی کە کاتێک لە ئاستێکی باڵادا بە زمان دەگەیت، کاتێک زمان بەرەو ئاستێکی باڵا بەرز دەکەیتەوە نە منی غەرقی خیانەتەکانی زمانت دەکات، ئا لەو کاتە دەق لە جیاتی نووسەری مردوو لە وجود دەردەکەوێت یان بەشێوەیەکی جیاواز لە دیکارت نووسەر دەڵێت: من مردووم کەواتە هەم، لێرەدا من هەمی نووسەر لەسەر حەقیقەتی ئەو گوتەزایە لە ڕێگەی دەقی ئیبداعییەوە دەچێتە نێو نیشتیمانە نادیارەکەی داهێنانەوە.

**یوسف عیزەدین:**

ڕاستەوخۆ و بەسانایی گەر بمەوێت شتێک دەرحەق بە پرسیارەکەتان بڵێم، ئەوە دەبێت بڵێم نەخێر خۆکوشتن و نووسین دوو کردەی جیاوازن و هیچ کاتێک نابنە ئاڵتەرناتیڤی یەکتری، بەڵام دەشکرێت وانەبێت و قسەکەی ئێوە بێت و پێوەندییان هەبێت، دیارە بۆیە وا دەڵێم چونکە مەسەلەکە لە بنەڕەتدا چۆنیەتی ڕوانینە، هیچ کاتێکیش باوەڕم بە ڕاوبۆچوونێکی موتڵەق نییە، هەردەم ئەوەی کە دەیڵێین ڕێژەییە. هەمیشە ئەوانەی کە دەتوانن بە ڕەهایی وەڵامی پرسیارە فیکری و مەعریفییەکان بدەنەوە سەرنجیان ڕاکێشاوم، دیارە سەرنجڕاکێشانێکی گوماناوی، چونکە ئەو سەردەمە بەسەرچووە کە نووسەر وەک خاوەن پەیامێک سەیر بکرێت، یان تەنانەت وەک کەسێکی زانا بەهەموو ئەو شتانەی لێی دەپرسرێت، کاری نووسینیش وەک کەشفکەرێکی حەقیقەت و خستنەڕووی ڕاستییەکان، لەمڕۆدا ئەمە چەمکێکی کاڵ و کرچ و تێڕوانینێکی سەقەتە، بەهەرحاڵ ڕەنگە پێویست بکات لەجێی دۆزینەوەی وەڵام بۆ ئەم پرسیارانەی ئێوە بەشوێن ناوەڵامدا بگەڕێین. هیچ وەڵامێکم پێ دروست نییە، چونکە خودی هەر وەڵامێک دۆگمایە، کاری ئێمە ڕاوەستان نییە لە ئاست چەمکێکدا یان ئاڵتەرناتیڤێکدا، کارێک کە بتوانین بیکەین و

لەوێوە بۆ ساتەوەختێک، بۆ ماوەیەک بگەینە شتێک، ئەوە هەڵوەشانەوەی ئەوەیە کە هەیە، رزگاربوون لە ستراتیژییەتی ناو و چەمک و شتەکان بەبێ وەگەڕخستنی دژە ستراتیژێکی نوێ ئاستەمە.

**هێمن حەمەجەزا:**

ئەگەر بڕیاربێت ئێمە تەنها قسە لەسەر خودکوژی لەلای نووسەران بکەین، ئەوا بە بڕوای من، خودکوژی دەلالەت نییە لە چوونە نێو ژیانێکی دی، بەڵکو تەنها هەڵهاتنە لەخودی ئەم ژیانە. ئیدی ئەویش بە بەهانەی جیاجیا، چونکە ناکرێت ئێمە چۆن مامەڵە لەتەک نووسیندا دەکەین ئاوهاش مامەڵە لە تەک خۆکوشتندا بکەین. بەڵکو نووسین وخۆکوشتن دوو کردەی ئێجگار جودا و سەربەخۆن، بە واتایەکی دی نووسین قسەکردنە لەسەر مۆدێلێکی تری ژیان وجارێکی دی هەڵوەستەکردنمانە لە بەردەم کۆی ئەو موفرەدانەی ژیان پێک دەهێنن، بەڵام وەختێک نووسەرێک دەگاتە ئەو بڕوایەی ئیدی ژیان کەڵکی ژیانکردنی تیادانییە و نەماوە تووشی جۆرە ڕەشبینییەک دەبێت لەبەردەم نەگۆڕانی ڕۆژەکانی نێو ژیان ولێکچوونیان! ئیدی ورد ورد تێدەگات نووسینیش وەک هەموو شتەکانی دی بێکەڵک ودووبارەبوونەوەیەکی بێمانایە و بڕیاری دەرچوونی هەتاهەتایی دەدات لەنێو ژیانداو مەرگی ئیختیاری هەڵدەبژێرێت.

بەگشتی مرۆڤەکان بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری وکرانەوەیان قسەیان لەسەر ژیان هەیە و نووسەرانیش لەم نێوەندەدا کۆی قسەکانیان لەنووسیندا بەیان دەکەن، بەڵام ئیدی کە دەگاتە ئەو ئەنجامەی ژیان هەر لەسەر ڕیتمی سروشتی خۆی بەردەوامە و بە تێپەڕبوونی زەمەنیش ئەوانی دی (کۆمەڵگە) دەستوپەنجە لەگەڵ ئەو ڕیتمە سروشتی ودۆگمایەی ژیاندا نەرم دەکەن وڕازین، تەنها یاخیبوونێک کە نووسەر هەڵی دەبژێرێت یاخود تەنها هەڵوێستەیەک نووسەر لە بەرامبەر ژیاندا وەری دەگرێت، ڕەتکردنەوەی خودی ژیانە بەتەواوی ماناو پێکهاتەکانییەوە، ئەویش بەخۆکوشتن ودەرچونێکی ئەبەدی لێی!

**مەهدی زریان:**

ئەو کاتەی نووسەر جیهانێکی جوداواز دەخولقێنێ، واتە: کۆک نابێتەوە لەگەڵ دیدگەی سەڵت و جیهانی ڕۆتینی، ئەوە بۆ خۆی ئەمەمان بۆ مانیفێست دەکا کە ئەو زەمەن و شێوە ژیانکردنە (باو)ەی پێ قبووڵ نییە، چونکە دەقی ئیبداعی لە دەرەوەی خەیاڵ و زەینی دەقنووسەوە بەرهەم نایە، بەڵکو دەلالەت لە هەڵکشان و داکشانی ڕۆحی ئەو تاکە کەسە

دەکا کە نووسـیویەتی، بەڵام ئەوەی لێرەدا شیاوی ئەوەیە لـە سەری بووەسـتین، ئەمـەیە: تا چەند ڕاستگۆیانە و ناتەقلیدییانە مامەڵە لەگەڵ وشە و واتە و ئامانجەکەی دەکەین؟ ئەگەر لایەنە جوانەکەی وەڵامی ئەم پرسیارە لە زەیەنی نووسـەردا بەرجەستـە نەبێ، داهێنان مەحاڵ دەکەوێتەوە و هەموو کەسێکیش بەشێوە سرووشتییەکە دەتوانێ گوزارشت لە خەمە وجودییەکانی خۆی بکا و پێشهاتی خۆکوشتنەکەی لەنێو دەقەکانیدا بدۆزێتەوە.

حاڵەتە ئێستێتیکییەکەی سەرەوە بە ڕوونی لە دەقەکانی (کافکا) دا بەرجەستە بووە، هەندێک جاریش، نووسـەرەکـە لە بری ئەوەی لە دەرەوەی دەقـەکـەیدا خـۆی بکوژێ، ئەم پرۆسەیە دەگوازێتەوە بۆ نێو واتەی وشـەکان، ئەمـەیش لە پێناوی ئەمـەوەیە کە دەخـوازێ خۆی بە تەواوی بەتاڵ بکا لە فشارە دەروونی و دەرەکییـەکان، ئەو فـشارگـەل و پاڵنەرە بەهێزانەی کە ئەنجامی کوشتن لە بەردەم نووسەردا دادەنێن.

**عەبدولخالق یەعقووبی:**

ڕاستـە نووسـین دنیایەکی دی دەهێنێتـە ئاراوە، بەڵام مـەرگـیش خـۆی لەو سـۆنگەیەوە دنیـایەکـە نەناسـراو، هاوکات شـیاوی کەشـفکردنە، بۆیە زۆر نووسـەر هەن کە تەنها کەڵکەڵەیان دۆزینەوەی دنیای نوێیە، گەلەک جاریش خۆیان لە قەرەی ئەم دنیایەیش دەدەن. بە وتەیەکی تر، مـەیلی بەرەو مـەرگ ڕۆیشتن لە نووسـەردا تەنها بە خـاتری وەڕەزبوون لە ژیان نییە (دیارە ئەمە لێکدانەوەی گشتییە بۆ خۆکوشتنی تاکەکەس، لەسەر گەلەک کەسی ئاسـاییش وەڕاست دەگەڕێ)، بەڵکو لە سۆنگەی وەسوەسەی کەشفێکی تازەیە لە پانتایی بووندا، ئەم ڕستانە بە واتەی سەلماندنی ڕاست و بەجێبوون یان ناڕاست و نابەجێبوونی ئەم خواستە نییە، بەڵام ناکرێ خۆکوشتن مرۆڤێکی تێکەڵ بە فیکر و فەلسەفە و جوانی بە تەفسیرێکی سادەی لە چەشنی بێئیمانی یاخود وەڕزی پاساو بدرێتەوە.

## کەنگێ پرۆسەی خۆکوشتن تێکەڵاوی ئاگایی یان نا ئاگایی دەبێ؟

**عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا:**

ئەو کاتە مرۆڤ هەست بە نامۆبوونی خۆی دەکات، کە هەست بە وەهمی تەفسیرەکانی خۆی دەکات، هەر لەوێشەوە دووچاری بێهودەیی ژیان دەبێت، هەست دەکات ژیان کۆت و بەندێکە تا سەر ئێسقان ڕۆچووە. کاتێک هەست دەکات چیدی مانایەک نەماوە دەستی پێوە بگرێت، ژیان گۆڕستانێکە و هەناسەی تێدا نادرێت.. ئیتر لەوێوە خودکوژی وەک

کردەیەکی ساتەوەختی بۆ نووسەر بەمانا (بارت)ییەکەی و بۆ کەسی خۆکوژ بە مانا یاساییەکەی دێتە ناوەوە، لە یەکەمیان مەرگ هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنی دەق، لە دووەمیان مەرگ وەک ئامانجێکی سەرەکی تەماشا دەکرێت. لە یەکەمیان دەرکەوتنی دەق بە مانا ئیبداعییەکەی لە ئازادبوونی رۆحەوەیە، بەڵام لە دووەمیان دەلالەتی ئازادبوونی رۆحی لە لەنێوچوونی جەستەوە سەرچاوە دەگرێ، لە هەردووکیشیان خۆکوژی وەک فریادرەسێک دەردەکەوێت، وەک فریادرەسێک لە دەرگای نائاگاییەوە خۆی نیشان دەدات، تۆش دڵخۆشانە بەوپەڕی ئیرادەوە وەڵامی دەدەیتەوە.

دەمەوێت بڵێم خودکوژی گەیشتنە بە ترۆپکی بێهودەیی و بێزاری، ئەگەر لای مرۆڤی ئاسایی ترۆپکی بێهودەیی و بێزاری ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە مەسەلە دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە هەبێت، ئەوە بۆ نووسەر پەیوەندیی بە کردەی نووسینی ئیبداعییەوە هەیە، بەو مانایەی کە کردەیەکە تەجاوزی باو دەکات. خودکوژی کردەیەکی ئاڵۆزە وەک چۆن تەمەن و حاڵەتی گۆشەگیری و خەمۆکی و دەوروبەر کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە، بە دیوەکەی دیکەش بە نیسبەت نووسەر گەیشتنە بە ترۆپکی ماناو کەشفکردنی مانایەکی دیکە، ساتەوەختێکە بەشێکی زۆری لەسەر نائاگایی وەستاوە، جۆرێکە لە نامۆبوون، ئەو کاتەیە کە هەست دەکەیت نامۆی بە شتە باوەکان. ئەو نامۆبوونە هەرگیز بە شێوەیەکی دەستکرد درووست نابێت، بەڵکو پەیوەندیی بە رۆحەوە هەیە، ئیتر ئەو رۆحە نامۆیە دواجار لە داهێناندا هەناسە دەدات، ئەو ونبوونە لەنێو باو لە داهێناندا خۆی دەدۆزێتەوە، بەو مانایەش خودکوژی جۆرێکە لە ئێستێتیکا، ئێستێتیکای خودکوژی بە مانا بارتییەکەی دەقی ئیبداعی لێ دەکەوێتەوە.

کەواتە لەبەر ئەوەی کردەی نووسین بەشێکی زۆری نائاگایی بەرێوەی دەبات، بۆیە خودی نووسەر بە شێوەیەک لە شێوەکان لەرێگەی مەرگی خودەوە دەکەوێتە پەراوێزەوە، هەر لەوێشەوە نیگا و خوێندنەوەی جیاواز دێتە بەرهەم و خوێنەر بەشداری داهێنەرانە لە پرۆسەکەدا بە ئەنجام دەگەیەنێت، بەو مانایەش دەق لە بەخاوەنبوون رزگاری دەبێت، وەک چۆن دەق بەردەوام نکۆڵی لە بەشتبوون دەکات، بە هەمان شێوەش لە منی نێرگزی و مازۆخی و سادی و منی بێگەرد دووردەکەوێتەوە.

لێرەدا، خودکوژی وەک چۆن پێوەندی بە فەزای بێهودەیی و مادە بێهۆشکەرەکان و نەخۆشییە دەروونییەکانەوە هەیە، بەدیوەکەی دیکەش راستەوخۆ بەئیرادەی ئازادانەوە پەیوەستە، چونکە ئەوە ئیرادەی ئازادانەیە کەوا لە مرۆڤی ئازاد دەکات سنوورەکان



ببەزێنی، پێوەندییە باوەکان ڕەت بکاتەوە و چوارچێوەکان تێکبشکێنێت و بەرەو گۆڕان هەنگاو بنێت. ئەوە ئیرادەی ئازادانەیە کە وەها لە تاکی ئەکتیف دەکات توانەوە لەنێو کۆ ڕەت بکاتەوە.. لەو بەدواداچوونەدا وەک چۆن قسە لە هۆکارە نەخۆشییەکان و مادە بێهۆشکەرەکان ناکەم، بەهەمان شێوە قسە لە شێوە تەقلیدییەکەی خودکوژی ناکەم، ئەو شێوەیەی کە ڕەگەزە بنەڕەتییەکەی لەسەر ئاین، یان لەسەر مەیلی ئاینی وەستاوە. بە مانایەکی دیکە: من قسە لە خودکوژی لە پێناو ناکەم، خودکوژی لە پێناو خزمەتکردن بە کۆمەڵگە، لە پێناو کۆمەڵێکی دیاریکراو، یان سیاقێکی دیاریکراو.

خۆکوژی لە پێناو و بە خەیاڵی یۆتۆپیا و ئەدیو و ژیان مەیلێکی ئاینیی پێوە دیارە، بۆ نموونە لە گروپی قەشە (جیم جۆنز)ی کاسۆلیکی زۆر جوان بەرجەستەیە، ئەو قەشەیەی کێڵگەیەکی بە خەیاڵی بەهەشت لە مادەی بێهۆشکەر بۆ پەیڕەوانی دروستکردبوو، لەو کێڵگەیەدا بەشێوەیەکی بەڕەڵایانە سێکسیان دەکرد و مادەی بێهۆشکەریان بەکار دەهێناو پێیان وابوو لە بەهەشتدان، بۆیە ژیانی نێو ئەو کێڵگەیەیان بەوپەڕی بەختەوەری بەسەر دەبرد، بەڵام ئیتر دوای ماوەیەک دووچاری دامرکانەوە و نائومێدی دەبن، پاشان قەشەی ناوبراو لە ساڵی (١٩٧٨) بە خۆکوشتن ڕازییان دەکات و (٩١٨) بەخۆکوشتن کۆتایی بەو نائومێدییەیان دەهێنن. هەروەها شەپۆلی ڕۆمانسییەتیش وەک دیاردەیەک لەو جۆرە

خودکوژییە بەدەر نەبوو. لە هەندێک کۆمەڵگەدا خۆکوشتنی دوو ئاشقیش دەچێتە هەمان خانەوە.

لێرەوە دەمەوێت لە ڕێگەی وشەی (لە پێناو) لە نێو دوو کەوانەدا بیرتان بخەمەوە کە کردەی داهێنان هەرگیز ناکەوێتە نێو نیازو مەبەستەوە، هەر بەو مانایەش خودکوژی وەک داهێنان کردەیەکە وشەی (لە پێناو) ڕەت دەکاتەوە، یان بە مانایەکی دیکە هەرکە وشەی (لە پێناو) هاتە ناوەوە کردەی داهێنان بەتاڵ دەبێتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو خودکوژییەی من قسەی لێ دەکەم خودکوژییەکی هونەری و ئێستێتیکییە.

کەواتە بەرەو گۆڕبوونەوەی جەستەی مرۆڤی ئاسایی و بەرەو گۆڕبوونەوەی خودی نووسەر دوو شتی جیاوازن، من قسەم لە بەرەو گۆڕبوونەوەی جەستەیی نەکردووە، قسە لە مەرگی خودی نووسەر دەکەم، ئەو خودەی کە دەق لە بریی دەردەکەوێتەوە.

**یوسف عیزەدین:**

زۆرجار زمانی زاراوەکان و زمانی شتەکان لە نێو واقیعدا تێکەڵ دەکەین، خۆکوشتن لە نێو زمانی زاراوە و تێز و بۆچوون و تێڕوانین و ئەرگۆمێنتە مەعریفییەکاندا شتێکە و لە نێو زمانی واقیعیشدا، یان لە نێو خودی واقیع خۆیدا شتێکی ترە، ئەمە یەکێکە لەو ئیشکالانەی کە ناهێڵێت بە تەواوی لەوە بگەین کە مەبەستە لێی حاڵی بین، بە تایبەت بابەتێکی ئاڵۆز و فرەرەهەندی وەک خۆکوشتن؟!.

ڕەنگە بتوانین بڵێین خۆکوشتن ئەو کردەیەیە کە کۆتایی بەژیان دەهێنێت، بەواتای پەلەکردن لە هەڵبژاردنی مەرگ و چاوەڕێنەکردنی هاتنی سروشتییانەی، یان هەر چەشنە هاتنێکی تری کە لامان نەزانراوە.

"خۆسێ ساراماگۆ" سەبارەت بە مەرگ دەڵێت: (مرۆڤ لەئاستی مەرگدا ناتوانێت پێبکەنێت، چونکە دواجار مەرگ بەئێمە پێدەکەنێت، باشتر وایە بەو چەشنە بیربکەینەوە کە مردن بوونێک، یان کەسێک نییە لە دەرەوە چاوەڕێمان بکات، بەڵکو لە ناخی خۆماندایە و هەریەک لە ئێمە هەڵگری مەرگین، کاتێکیش جەستە و مەرگ ڕێک دەکەون، ئەوا هەموو شتێک کۆتایی دێت).

ئەگەر ئێمە خۆمان هەڵگری مەرگ بین، کەواتە بۆ دەبێت خۆکوشتن ترس و سامێکی تایبەتی هەبێت، یان بۆ دەبێت ئەسەفێکی زیاتر بۆ ئەو کەسە بخۆین کەخۆی کوشتووە، زیاتر لەو کەسەی کە بەمەرگی ئاسایی مردووە؟!.. ئەمە جگە لە سەرسامبوون و

ئیعجابمان بەشێوەیەکی گشتی بەوانەی کە دەتوانن خۆیان بکوژن، ڕەنگە زۆر هۆکار هەبن، بەڵام دیارە یەکێکیان لەوانەیە هەستکردنمان بێت بە نەبوونی ئەو جورئەتە لەخۆماندا، واتە نەبوونی جورئەتی خۆکوشتن، لە کاتێکدا ئەگەر بتوانین کردنی ئەو کردەیە و ئەنجامدانی بە جورئەت ناو ببەین، ئەوە بێگومان بە شێوەیەکی شاراوە و پەنهان لەڕێژەیەکی بەرچاوی مرۆڤدا هەیە.

"بۆرخیس" دەڵێت: (زۆرجاران بیرم لە خۆکوشتن کردۆتەوە، بەڵام هەموو جارێک خستوومەتە لاوە.. بەخۆمم دەگوت بۆ نیگەران و دوودڵ بم لە کاتێکدا کەخاوەن چەکێکی وەها بەهێزم کە ئەویش ئینتیحارە، لە هەمان کاتیشدا هیچ کاتێک بەکارم نەهێنا).

ئەگەر خۆکوشتن چەکێک بێت ئەوە زۆربەمان ئەگەر نەڵێم هەموومان خاوەنی ئەو چەکەین، کەواتە وەک بیرۆکەیەک بمانەوێت و نەمانەوێت لە هەست و نەستماندا بوونی هەیە، بەتایبەت لە دنیایەکدا کە خۆکوشتن پانتاییەکی زۆر بەرفراوانی داگیر کردووە.

تەنانەت تێکەڵەیەکیش هەیە سەبارەت بە تێڕوانینێکی ڕوون سەبارەت بە بیرۆکەی خۆکوشتن یان ئەنجامدانی، سەیرە زۆرجاران ئەوانەی کە هیچ باسی خۆکوشتنیان نەکردووە خۆیان دەکوژن و ڕەنگە پێچەوانەکەشی ڕاست بێت.

"مایکۆفسکی" پاش خۆکوشتنی "یەسنین" پاش ئەوەی هەستی کرد خۆکوشتن لەو دەمەدا دەم دا بووە دیاردە و چاولێکەری و کردەیەکی زۆری خۆکوشتن ئەنجام درا، بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی چامەیەکی نووسی بەناوی" بۆ سێرگی یەسنین"، لەدێڕێکیدا دەڵێت:

**(قورس و گران نییە لەم دنیایەدا بمرین**

**بەڵکو لەوە قورستر و سەختتر ئەوەیە ژیان دروست بکەین).**

کەچی سەیر لەوەدایە "مایکۆفسکی"یش خۆی کوشت(ئەگەر وەک دەڵێن نەکوژرابێت)، لە دوای خۆکوشتنیشی نامەیەکی جێ هێشت، وەک نموونەیەکی ئەو نامەیە:

(بۆ هەمووان....

کەس تاوانبار مەکەن بە کوشتنم..دایکە، خوشکەکانم، هاوڕێکانم، ببەخشن، ئەمە ڕێگەیەکی ڕاست نەبوو" ئامۆژگاریی کەسیش ناکەم کە چاوم لێ بکات" بەڵام هیچ چارێکی دیکەم نەبوو...).. لەکۆتایی نامەکەشیدا دەڵێت:

(هیوای بەختەوەریتان بۆ دەخوازم لەمانەوەدا

ڤلادیمێر مایکۆڤسکی ١٢ نیسان ١٩٣٠).

ڕەنگە ئەم نموونانە زیاتر بە خۆکوشتنمان ئاشنا بکات وەک کردەیەک کە لە دەرەوەی

ئێمەی لە ئێستادا زیندوو رووی داوە، گەرچی ئێمە چۆن هەڵگری مەرگین ئاواش پێ بزانین یان نا هەڵگری بیرۆکەیەکیشین کە لە میانیەوە بتوانین کۆتایی بەژیانمان بهێنین، ئەویش بیرۆکەی خۆکوشتنە.. سەرباری ئەوەی کەیەک چەشن و شێوەی خۆکوشتنیش نییە و ئەوانەی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی خۆکوشتن، فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان هەیەو جار هەیە وەک چەمکێکی فەلسەفی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، بەتایبەت کاتێک ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت خاوەن تێڕوانین و دنیابینییەکی تایبەتە سەبارەت بەخۆکوشتن، بۆیە لە کاتێکدا خۆکوشتنی "هیتلەر" و "هملر"ی فەرماندەی هێزەکانی بەخۆکوشتنێکی تەقلیدی ناودێر دەکەن، ئەوە خۆکوشتنێکی دیکە و جیاواز بەناوێکی دی دەناسێن.

"دۆرکهایم" سەبارەت بە کوژرانی ژنەکەی" لویس ئەڵتۆسێر" بە دەستی خودی ئەڵتۆسێر لە بابەتێکیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە جۆرێکە لە خۆکوشتن و بە" غەیری یان ئیساری" ناوی دەبات، بەبۆچوونی ئەو مەبەستی"ئەڵتۆسێر" لە کوشتنی ژنەکەیدا ئەوە بووە کە لە ئەشکەنجە چەشتن و ئازار کێشان رزگاری بکات، کە خودی "ئەڵتۆسێر" هۆکار بووە لە خولّقاندنیدا، ئیدی ئەمە چەند وایە یان وانییە گرنگ نییە، بەتایبەت کاتێک دەزانین وەک خۆی نییە و ئەوە ئێمەین حەقیقەت وەک ئەوەی دەمانەوێت دەیکەینە حەقیقەت.

" ئارسەر کیسلەر" یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە زۆر بەهۆشمەندی و دەرئەنجامی تێڕوانینێکی قووڵ و فرە لایەنە گەیشتۆتە ئەوەی کە خۆی بکوژێت و خۆشی کوشتووە.. شایانی باسە ناوبراو سەر بە"کۆمەڵەی دەرچوون" بووە کە داوای رزگاری زاتیی تاکیان کردووە و پێیان وابووە ژیان موڵکی خاوەنەکەیەتی و مافی ئەوەیە بەمەرگی ئیرادی" ئەلیونا نیزیا" لە ژیان خۆی رزگار بکات.

**ئارام کاکەی فەلاح:**

دیسانەوە من لێرەوە پێم باشە بچینەوە ناو تێکستەکان ، چونکە هەموو وەڵامەکان لەوێدان، ئێمە لیستەیەکی درێژمان لەبەردەستایە، لیستەی خۆکوشتنی نووسەر و شاعیرانی دنیا. بەخۆشحاڵییەوە تا ئێستا کوردێکی تیا نییە، نا ئەمە توانج نییە بەڵکو بەڕاستی پێم خۆشە چونکە من خۆکوشتن بە باش نازانم و شتێ نییە مرۆڤ شانازی پێوە بکات، یان هەندێ پێیان وابێت کە نووسەری کورد لەو ئاستەدا نەبێ کە خۆی بکوژێت، نا، نووسەر ورۆشنبیر و شاعیری کورد خۆی ناکوژێت، چونکە فریا ناکەوێت ئەو کارە بکات، پێویستی بەوە نییە چونکە یان خەم دای دەڕزێنێت و تووشی نەخۆشی دڵ وبەربوونی

خوێنی مێشک دەبێت، یان وڵات بەجی دێڵێت و مەنفا دەیکوژێت، یان وەک نەجمەدینی مەلا لە ژوورێکی تەنیادا پشیلە دەیخوات و کەس پێی نازانێت. گەر لێرەدا باسی نووسەرێکی گەورە بکەین کە لای ئێمە زۆر خۆشەویست و ناسراوە ئەویش (سادقی هیدایەت)ە. پێش ئەوەی ئەم نووسەرە بە گاز خۆی بخنکێنێت، چەند بەرهەمێکی بۆ بەجێ هێشتین کە هەموو ئاماژەی ئەوەیان دەکرد کە لە نائاگاییدا ئەم پیاوە نەخۆشە و بەرگەی ژیان ناگرێت، بۆیە دەڵێم باشترین شت گەڕانەوەیە بۆ تێکستەکان، لەم بارەشدا چیرۆکی (زیندە بە گۆڕ) و (کوندەپەپووی کوێر)، ئاماژەیەکی تەواون بەوەی کە ئەم نووسەرە نەخۆشە و پێویستی بە یارمەتییە، بەڵام بەبێ یارمەتی و لە ژوورێکی تەنیادا لە مەنفا و بە تریاکێکی زۆرەوە کە رۆژانە دەستی بکەوتایە بەکاری دەهێنا، لە تەمەنی ٤٨ ساڵیدا خۆی دەخنکێنێت.

**هێمن حەمەجەزا:**

لە نائاگایی هەموو کەسێکدا خۆکوشتن ئامادەیی هەیە، هەروەک چۆن وەختێک مرۆڤ هۆشمەند دەبێت بەوەی پاش تێپەڕاندنی ئەم ژیانەی کە ئێستاکە لە نێویدایە و دەژی، پاشان بەمەرگ کۆتایی بەو ژیانەی دێت، ئاوهاش لەناو نائاگایی هەموو مرۆڤێکدا کردەیەک ئامادەیی هەیە، ئەویش کردەی خۆکوژی ورەتکردنەوەی ژیانە!

بەڵام ئەم کردەیە واتا خۆکوشتن، ورد ورد کە لە نائاگاییمانەوە دەپەڕێتەوە ئاگاییمان، هەر لەخۆڕاو بێ هۆ نییە. بەڵکو لە ئەنجامی تێفکرین و ئەو مومارەسەیەمانەوە دێت کە ئێمە لەنێو ژیاندا تەمەنێکمان لەگەڵیدا بەسەر بردووە و چەندەها ئەزموونمان لەگەڵیدا هەیە، لە ئەنجامی ئەو هەموو دڵشکان وشکست وناعەدالەتییەوەیە کە خۆکوشتن خۆی دەکاتە نێو ئاگاییمانەوە کە خودی ژیان بەرامبەر بە ئێمەی مرۆڤ کردوویەتی!

هۆکارگەلێکی ئێجگار زۆر هەن کە مرۆڤی هۆشمەند تووشی سەرسوڕمان وبێزاری دەکەن، کە ئیدی خۆکوژی بە دواهەمین چارەسەر دابنێت بۆ دەربازبوون و قوتاربوون لەو ژیانە جەنجاڵ و ناهاوسەنگەی کە لە نێویدا دەژین!

ئەگەرچی من باوەڕم وایە ژیان هیچ کات ئەو سەنگ وقورساییەی نییە کە مروڤ تا دوا سنووری چەمینەوە و بێ دەسەڵاتی قەبووڵی بکات، چونکە نابێت لە یادمان بچێت ئەو بەهەشتەی مرۆڤەکان بە دویدا وێڵن هەرگیز لەسەر زەوی و لەناو ژیاندا ڕێکەوتی ناکەن وپێی ناگەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم ناتەبایی وچارەڕەشییەی ژیان هەڵگریەتی ناکرێت

مـرۆڤ بێئـەوەی دەسـتـێک یان هەرنەبێت بەشی ئەو ڕووبەرەی لە هـەناوی ژیاندا داگیـری کردووە، شوناسێک بەبوونی خۆی نەدات ومالئاوایی هەتاهەتایی لە ژیان بکات!

ئاخـر مـرۆڤ چەشنی وردە بارانێکی کـەم تەمـەن نییـە، بـەڵکو چەشنـی تۆفـانێکە تاکـو ئاسـەوارێک لەسـەر زەوی و لە ناوەناوی ژیاندا جێنەهێڵێت، گوناهێکی گەورەیە دەست بۆ مـەرگی ئیختیـاری بەرین. وەختێک ژیان بەمـەرگی ئێمـە تووشی شـۆک نەبێت، بەبڕوای من نەژیانمان و نەمـەرگمان هیـچیـان ڕاستی نەبوون! ئەمـە بەو مانایەی ئێمە شیـاوی هیـچیـان نین، ئەدی بۆ کردمان؟

**مەهدی زریان:**

کـاتێک دەبینین یان دەبیـستـین کـەسێک لە هەڵچوونی لەحـزەیەکی بیر لێ نـەکردراوەدا خۆی دەکوژێ، تووشی ڕاچڵەکین دەبین، بەڵام ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە و لە پشتیدا جگە لە نائاگایی، چیی دیکە ئامادە نییە، بۆیە ئەگەر فریادڕەسێک کۆمـەکی بکا و ئەو چەکە یاخود هـەر شـتـێکی دیکەیە کـەوا مـرۆڤـەکـە دەیەوێ خـۆی پێ لەنـێـو ببـا، لێی وەربگرێ، خـۆی ناکـوژێ، هـاوکـاتیش بەبێ هـیـچ گـومـانێک کـاتێک کـە ئارام دەبێتـەوە و دەبینێ لە چەند دەمژمێرێکی پێشـوویدا خـەریک بـووە چ کارەساتێکی کوشندە بگەیەنێ بە مـەبەسـتێکی کوشندەتر، سـەیری بەخۆی دێ کە هەوڵی لەو جۆرەی داوە، تەنانەت دەشێ وەکو خەونێکی نەکردەیش ڕاڤەی بۆ بکا، ئەمانەیش هەمـوو بە هـۆی ئەمـەوەن کە پێشـتر بـەهیچ شێوەیەک ئامـادەسـازییـەکی ئەقڵانیی بۆ ئەم حاڵەتە نەکردووە... لێرەدا ئەگەر (سادقی هیدایەت) بە نموونە وەربگرین، دەشێ بـەس بێ بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییـەی کە زەمینەسـازیی کرد بۆ پرۆسـەکە، ئیدی خـۆکوشتن کـارێکە لەلای هەندێک کـەس کردەکییـە، بۆیـە دەبینین گەلەک لەوانە دوابەدوای خۆکوشتنیـان نامەیەک، ئامرازێک، یان هـەر شتێکی دی بـەجێ دەهێڵن و لەنێویدا هۆکارە بنچینەییەکانی خۆکوشتنەکانیان تێدا ڕوون دەکەنەوە،

**عەبدولخالق یەعقووبی:**

خـۆکـوژی لە هـەست و نـەسـتی هەر مـرۆڤـێکدا هـەیـە ئەگـەر بێت و ڕازی نەبێ بە دۆخی بەردەسـتیی ئەو جیـهانەی کە تێیدا ژیان بەسـەر دەبا. نووسـەر لـەبەرئەوەی بەشـێوەیەکی ڕایدکاڵ دژی زۆر یەک لە نۆرم و بەهاکانی جیهانی خۆیەتی، گەلەک جار بەو قەناعەتە دەگا کـە مـەرگ تەنهـا ڕێگەی سـەلماندنی ئازادیی مـرۆڤـە، بەڵام بـەتێـڕوانینی من، ئـەم جـۆرە بۆچوونەش خـۆی لە چـەشنێک وەهمـەوە سـەرچاوە دەگـرێ، چونکە ڕاسـتـە مـرۆڤ لە

هەڵبژاردنی مەرگ و کاڵکردنەوەی بوونی خۆی (وەک جەستە) ئازادە، بەڵام ڕەچاوکردنی ئەم ئازادییە خۆی لە دواجاردا گەیشتن بە ئازادییەکی دی نییە، بەڵکو زەوتکردنی ئازادییەکی ترە لە پانتاییی ژیاندا. ئێمە لە هەڵبژاردنی مەرگی خۆمان ئازادین، بەڵام لە دوای ئەم ئازادییەدا کۆتی نەژیان چاوەڕوانمانە، بەڵام ئەگەر بێت و کەسێک نەژیانی خۆی بە جۆرێک لە ئازادیی تاکەکەس ڕاڤە بکا، ئەوە دیارە ئەو کەسە لە ئازادییەکەوە بەرەو ئازادییەکی دی بازی داوە (کە من ئێستە وەها بیرناکەمەوە).

**پ: خۆکوشتن پێوەندیی بەجورئەتەوە هەیە؟**

**عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا:**

بێگومان ئەو کاتە جورئەت ئامادەگی دەبێت کە ئیرادە لە ئارادا بێت و ویستی ئازادانە پێشڕەوایەتی بکات. دەمەوێت بڵێم خودکوژی لەوێوە بە جورئەتەوە پەیوەستە کە ویست و ئازادی بەڕێوەی دەبات، بێهوودەیی و یاخیبوون بنەماکانی دادەڕێژێت. وەک چۆن تێگەیشتن بۆ واقیع و ئاستی هوشیاری و دنیابینی سەرچاوەکانی دیاری دەکات. بە دیوەکەی دیکەش جۆرێکی دیکە لە خودکوژی هەیە تاکی باسیف پێی هەڵدەسێت و سۆز و خرۆشی دڵ ڕابەرایەتی دەکات و لە پێناو، یان سەرمەستی یۆتۆپیا و ژیانێکی نادیار ئەو مەیلەی تێدا دەچێنێت و هەر لەوێشەوە یاخیبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، بەڵام لە بیرمان نەچێ یاخیبوونی کەسی باسیف یاخیبوونێکی ئاراستەکراوە.

کەواتە خودکوژی لە ڕێگەی بەریەککەوتنی عەقڵانیەتی دنیا و ناعەقڵانییەتی بێدەنگی دنیا، نێودژییەکانی ئەوەی مرۆڤ پێشبینی دەکات و ئەوەی لە واقیعدا ڕوو دەدات دێتە ئاراوە، بەڵام دەبێ بزانین مەرج نییە ئەزموونی پووچی و خودکوژی دوو گوتەزای بەیەک هەڵکردوو بن. واتە: مەرج نییە هەمیشە وەک دال و مەدلوولی یەکتر سەیریان بکەین، چونکە هەندێک جاریش ئەو کەسەی کە دەرک بە بێهوودەیی و پووچی بوون دەکات دواجار دەگاتە ئەوەی کە ئیتر ماناکانی ژیان بۆ خۆی لە ململانێی عەقڵ و واقیعدا درێژ دەبێتەوە.

کامۆ پێیوایە ئەوە بەرە بەرە بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیارییە کە بە بێهوودەییمان دەگەیەنێت و لە ترۆپکی بێهوودەییش بە حەقیقەتەکان دەگەین. ئەوەش بە جۆرێک لە جۆرەکان لە تێگەیشتن و بوونی هایدگەریمان نزیک دەکاتەوە، لای هایدگەر ئەوە تێگەیشتنە دەبێتە ئەرکێکی وجودییانەی وەها کە بوونی مرۆیی لە جیهان و تێگەیشتنی مرۆڤ لەو بوونە دەوڵەمەندتر دەکات. لێرەدا، مرۆڤ بەپێی ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاری دەرک بە

بوونی خــۆی دەکــات، هەر لە ڕێگەی دەرککردنەوە یان بە مــانایەکی دیکە لە ڕێگەی هوشیارییەوە دەتوانێت هارمۆنییەتێک لەگەڵ ژیان دروست بکات. بەڵام یاخیبوونی مرۆڤی ئازاد لە ژیان، ڕەتکردنەوەی ژیان وەک کامۆ دەڵێت: یاخیبوونێکی مێژووییە ئامانجی ئەو یاخیبوونەش بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئازادی و دادپەروەریدا خۆی دەنوێنێت. هەڵبەتە یاخیبوونی کامۆیی پێوەندیی بە شۆڕشەوە نییە، شۆڕشێک کە لە فیکرەوە هەڵقوڵاوە و ئامانجی تەنیا لە گۆڕینی دەسەڵاتە سیاسییەکاندا دەبینێتەوە، بەڵکو کامۆ یاخیبوون وەک ئەزموونێکی خودی سەیری دەکات. شۆڕش دەیەوێت مادەیەکی مێژوویی لە مرۆڤ دروست بکات، بەڵام یاخیبوون جەخت لەسەر چەمکە مرۆییەکان و سروشتی مرۆڤایەتی دەکاتەوە، جەخت لە مرۆڤی ئازاد و تاکی ئەکتیف دەکاتەوە.

بە کورتی دەمەوێت بڵێم لە خودکوژی تاکی ئەکتیف، جورئەت ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی و ئامادەگی (خود/تێگەیشتن) بە مانا هایدگەرییەکەی وجودی هەیە، یان ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی مەعریفەی عەقڵی. بەڵام خودکوژی تاکی باسیف لە وروژانی سۆز و خرۆشی دڵەوەیە و ڕاستەوخۆ جورئەت دەیجوڵێنێت. لە یەکەمیاندا جورئەت خۆی لە هارمۆنییەتی نێوان ڕەگەزەکاندا دەدۆزێتەوە، لە دووەمیاندا پاڵنەرێکی سەرەکییە. لە یەکەمیاندا جورئەت نکۆڵیکردنێکە لە جەختکردنەوە هەڵقوڵاوە، لە دووەمیاندا جورئەت نکۆڵیکردنێکی ڕەهایە. یەکەمیان کردەیەکی داهێنەرانە بەرهەم دەهێنێت، لە دووەمیاندا کردەیەکی عەدەمی کۆتاییخوازە.. دەمەوێت بڵێم ئەگەر یەکەمیان لە عەدەمێکەوە بەرەو عەدەمێکی دیکەمان بکاتەوە و ژیانیش لەوێوە درێژە بەفرەوانبوونی خۆی بدات، ئەوە دووەمیان کۆتاخوازە و ژیان لەوێ کۆتایی دێت. یەکەمیان چێژ و مانای نوێ بەژیان دەبەخشێت، دووەمیان نەبوونی...

**یوسف عیزەدین:**

ڕەنگە لە سەرەوەڕا شتێک بەلایدا چووبین، بێگومان ئەگەر جورئەتیش نەبێت ئەوە ترسنۆکی نییە، ڕەنگە جورئەتیش تێپەڕ بکات، حەزیش دەکەم لێرەدا سەرنجتان بۆ پرسیارێکی دیکە ڕابکێشم، ئەویش ئەوەیە کە بۆ دەبێت سەرجەم ئەوانەی پێشەنگی شۆڕشەکانی کورد بوون، لە کاتی شکستدا ئامادە نەبوون خۆیان بکوژن و تەسلیمبوونیان پێ باشتر بووە.. لە کاتێکدا زۆر کەسانی مێژوویی وەک هانیبال و چەندینی دیکە لەکاتی شکستدا خۆیان کوشتووە؟!.. بەهەر حاڵ ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە و دەکرێت لەتەوەرێکی دیکەدا قسەی لەسەر بکرێت.

**ئارام کاکەی فەلاح:**

من بڕوام بەوە نییە، بەڵکو بڕوای تەواوم بەوەیە کە خۆکوشتن پێوەندیی تەواوی بە نەخۆشییەوە هەیە ، کەسێک خۆی دەکوژێت کە لە حاڵەتێکی دژواری دەروونیدا بێت، هاوار بکات و کەس گوێ لە هاوارەکانی نەگرێت، لەڕاستیدا زانست وەڵامێکی باشی ئەو حاڵەتەمان دەداتەوە، کە خۆکوشتن فەرمانی مێشکە بەمرۆڤ بۆ هەستانی بەکردارێکی لەو جۆرە ، نەک جورئەت و ئازایەتی. لای من ئازایەتی بەرەنگاربوونەوەی سەختییەکانی ژیانە نەک ڕاکردن لێی، بەڵام ئیتر کە مرۆڤ نەخۆش کەوت کە ئەمە هەموو کەس دەگرێتەوە، تاقە شتێک ئەوەیە دەبێ چارەسەر بکرێت و هیچی تر دەنا دەرئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە. فرۆید لە کتێبێکی گرنگدا بەناوی (شارستانییەت و دوودڵییەکانی) کە ساڵی ١٩٣٠ نووسیویەتی، باسێکی زۆری غەریزەکانی مرۆڤ دەکات، لەوانەش غەریزەی مردن، ئەو پێیوایە کە لە مرۆڤدا غەریزەیەک هەیە کە دژی ژیانە و شەڕی لەگەڵ دەکات، ئەویش غەریزەی مردنە، بەهانەشی بۆ ئەوە ئەو شەڕانەیە کە بە درێژایی مێژوو مرۆڤی سەرقاڵ کردووە،بۆیە لای ئەو مرۆڤ چەندێ حەزی لە ژیانە، ئەوەندەش ئارەزووی ڕووخاندنی هەیە، بەڵام ئەم ڕووخانە هەندێ جار ڕووخانی شتەکانی دەوروبەر نییە، بەڵکو ڕووخانەکە بۆ ناوەوە دێت و مرۆڤەکە داگیر دەکات، لە تراجیدیترین حاڵدا مرۆڤ خۆی خۆی لەناو دەبات. هاوڕێی بەڕێز مەریوان وریا لە ستوونێکدا لە ئاوێنەدا باسی ئەم کتێبە دەکات و بە یەکێ لە کتێبە گرینگەکان لە قەڵەمی دەدا و زۆر جوان لایەنەکانی شی دەکاتەوە.

**هێمن حەمەجەزا:**

بەرلە هەرشتێک ئێمە لەگەورەیی کردەیەکی وەک خۆکوشتن کەم دەکەینەوە ئەگەر بەپێوەری (جورئەت و ئازایی و هتد) بیپێوین وتەماشای خۆکوژی بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە بکەین، بەڵکو کۆی ئەو شتانەی وەک (جورئەت و ئازایی و ... ... ... هتد) پێوەندیی بەمەرگ و ژیانەوە نییە!

خۆکوشتن لەناو بیری کەسی بەئاگا و هۆشمەندا لەحزەیەک خۆی نمایش دەکات ودەبێتە کەڵکەڵە کە ئەو مرۆڤە هەست بکات ئیدی لەناو پرۆژەی ژیاندا قسەیەکی نەماوە بۆ وتن. ئەمە بەو مانایەی کەسی هۆشیار هەمیشە لەهەوڵی گۆڕین ودەستکاریکردنی کۆی پرۆژەی ژیاندایە و سەرسەختانە لەسەر ئەو بڕوایەی کە بۆ جوانکردن وچاککردن وجدیکردنەوەی ژیان هەیەتی هەوڵ دەدات و هاوشانی ئەم هەوڵانەش بە بەردەوامی لە سەلماندنی خودی

خۆیدایە، تاکو چیدی وەک هەر مێرووییەکی مشەخۆر لەسەر زەوی ژیان نەگوزەرێنێ. بەڵام هەرکاتێک گەیشتە ئەو متمانەیەی کە بەخودی خۆی سەلماندووە کردووە و دەستێکی لەنێو پانتایی ژیاندا جێ هێشتووە، ئیدی تێدەگات لەوە بەدواوە ژیان شتێکی ئەوتۆ (بەنیسبەت ئەمەوە) گرنگ نییە و مانەوەی زیاتریشی زۆرتر و زیاتر بێ هیوای دەکات.

بۆیە ئیختیاری ئەم مرۆڤە هۆشیارانە لە پاش تەواوبوونی کۆی کارەکانیان لەناو ژیاندا، ئەوەندەی ئیختیاری مەرگە، هێندە ئیختیاری مانەوە و درێژەدانیان نییە بەژیانێک کە دڵنیان ئیدی شتێک نەماوە لەنێو پانتایی ژیاندا ئاسوودە و ئارامیان بکات و بەتێپەڕبوونی ڕۆژگاریش زیاتر هەست بە پوچێتی ژیان و بێحورمەتی مرۆڤ دەکەن لەنێو ئەم ژیانە پڕ ڕۆتین و پڕ ئەتەکیەتە بێمانا و ناماقووڵەدا، تێدەگەن ژیان جگە لە دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوام و بێهودە و تێپەڕبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەبێ بوونی هیچ مژدەیەکی ئەوتۆ کە توانای هێشتنەوەی مرۆڤی هەبێت لە هەناوی خۆیدا، هیچی تر نییە!

**مەهدی زریان:**

هەموو بوونەوەرێک لە ماهیەتدا بەشێوەیەکی غەریزەیی هەڵگری هەندێک لە خەسڵەتەکانی جورئەتە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەمانەن: بەکارهێنانی جورئەت بۆ چی و کەنگێ و لە کوێدا؟ ئەمە پێویستی بە لەسەر وەستانگەلێک و ڕاڤەی جوداواز و ڕوونکردنەوە هەیە، بۆ نموونە: جگە لە مرۆڤ کاتێک کەوا گیانلەبەرێکی بچووک و لاواز ڕووبەڕووی گیاندارێکی بەهێز و زەبەلاح دەبێتەوە، دوای ئەوەی ڕێگەیەک بۆ هەڵاتن و خۆ دەربازکردن نادۆزێتەوە، سەرەڕای ئەوەش دەزانێ دەچێ بۆ نێو جەنگێکی تا ئەندازەیەک ئەنجام دۆڕاو، بە ئاسانی خۆی ناداتە دەست، بۆیە بەرەنگاری دوژمنەکەی دەبێتەوە.

هەندێک لە بوونەوەرەکان کاتێک کەوا دەکەونە نێو حاڵەتی مەرگی حەتمییەوە، دەچنە نێو پرۆسەی خۆکوشتن و ڕێگە بە دوژمن نادەن لەزەت لە کوشتنیان وەربگرن و یاری بە (قەدەر) و (بوون)یانەوە بکەن، لە ڕاستیدا ئەمەیش بچووکترین مافی مرۆڤبوونی تاکە کە دەخوازێ کلیلی دەرگەی ژیان لە دەستی خۆی بێ نەک کەسێکی دی، چونکە ئەگەر بەپێچەوانەی ڕوانینەکانمان مامەڵە لەگەڵ (خود)ماندا کردرا، ئیدی ئێمە هیچ نین، جگە لە ئامێر، یاخود ڕۆبۆت...

هەندێک پێیان وایە بڕیارەکە ئەقڵی لە پشت نەبووە و زادەی لەحزەی هەڵچوون و

گرژبوونی ماسوولکەکانی خوێنە، بەڵام هەرچی پێچەوانەی ئەم ڕوانینەیە، خۆکوشتن وەکو ئامانج تەماشا دەکا و کودەتای لێ بەرهەم دەهێنێ و وابەستەیە بەو فاکتەرانەی کەوا پێشتر لەسەریان وەستاوم، بۆیە ئەگەر لە هەوڵی یەکەم سەرکەوتوو نەبێ، ئەوا بە بێ دوودڵی چەندین جاری دی دەکەوێتەوە نێو ئەو چرکەساتانە، چونکە لە دواجاردا خۆی خاڵی کردووەتەوە و ئینتیمای بۆ هیچ نەماوە و جگە لە خۆکوشتن پێی وەها نییە چیی دیکە بتوانێ لە پردی ژیانی سەخت ئەنجام بیپەڕێنێتەوە، بۆیە ئەم خۆکوشتنە بە دەگمەن نەبێ لە لایەن کەسانی ئاینی پەیرەو ناکرێ و هەرگیزیش پەسەند نییە.

## دەکرێ دەوروبەر بچنە نێو پرۆسەی خۆکوشتنەوە؟

**عەبدولوتەڵیب عەبدوڵڵا:**

پەیوەندیکردنی تاک لەگەڵ کۆمەڵگەدا دواجار نائومێدی و بێهودەییی لێ دەکەوێتەوە. لە یەکەمیاندا تاکی ئەکتیف لەوێوە دووچاری نائومێدی و نێرگزییەت دێت کە ناتوانێت لە ڕێگەی داهێناندا پێوەندیی خۆی بە کۆمەڵگەوە رابگەیەنێت، لە دووەمدا تاکی باسیف لەوێوە تووشی پووچگەرایی و بێهوودەیی دەبێت کە هەست دەکات دووچاری فەشەل بووە. لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵگەی دواکەوتوو تاکی داهێنەر بە لە ڕێلادەر وەسف دەکات یان بە تەجاوزکاری سنوورەکانی داب و نەریت گوناهباری دەکات، بەڵام کۆمەڵگەی پێشکەوتوو تاکی باسیف بەمشەخۆر وەسف دەکات و وەک شتێکی بێ سوود و زیادە سەیری دەکات.

تاکی داهێنەر لە واقیع یاخی دەبێت و واقیع ڕەت دەکاتەوە، بەڵام تاکی باسیف دەبێتە بەندەی واقیع، واقیع رەتی دەکاتەوە... دواجار هەستکردن بە گۆشەگیری و نامۆبوون لای تاکی یەکەم فەزایەک بۆ داهێنان دەخەملێنێت، زۆرجار دروست نەبوونی ئەو فەزایەو نێرگزییەتی ئەو تاکە بەرەو خۆکوژی هەنگاو دەنێت، بەڵام بە نیسبەت تاکی دووەم لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە بێهوودەییەوە بەرەو هەڵاتن لە واقیع دەچێت، هەر لەوێشەوە بەحۆکوژی هەڵدەسێت.

بەمجۆرە نامۆیی تاکی داهێنەر لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو نامۆبوونێکی پۆزەتیفە و ویستی ئازادانە رابەرایەتی دەکات، بەڵام نامۆبوونی تاکی باسیف بەگشتی نامۆبوونێکی نێگەتیفە ئاراستەکردن بەرێوەی دەبات. دەمەوێت بڵێم گۆشەگیری و دوورەپەرێزی تاکی داهێنەر لەسەر ئەو دڵەڕاوکێ قووڵە وەستاوە کە لە پرۆسەی داهێنان سیماکانی دەردەکەوێت، بەڵام گۆشەگیری و دوورەپەرێزی تاکی باسیف لە وێوە دێت کە ئاراستەکردن

سیماکانی دەنەخشێنێت.

بە کــورتی: داهـێنـەر بەردەوام لە خــەیاڵ و بیــرکــردنـەوەدا خــۆی دەدۆزێتــەوە و هـەر لەوێشـەوە بە مـانا بارتییـەکەی پرۆسێسی خـودکوژی دەکات، بەڵام تاکی باسـیف هـەندێک جار لەژێر فشاری گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم دووچاری پەڕگیری و شێوان دەبێت و لە ترۆپکی بێهوودەیی بەخۆکوژی هەڵدەستێت. بەمـجۆرە دەشێ بڵـێین خۆکوژی وەک چۆن ئیــرادەی ئازادانـەی تاک رابەرایەتی دەکــات، بەجــۆرێک لە جــۆرەکــانیش پـەیوەندیی بە کۆمەڵگەوە هەیە.

**یوسف عیزەدین:**

دۆستــــەیڤـسکی لە بابەتێکیـدا بە ناوی"رۆژانـەی نووســەرێک" کــە لـە ســاڵی ١٨٧٦دا نووسیویەتی دەڵێت:

(وەک وەڵامێکی زاتی بۆ پرسیـارە ناوەکییـەکانی خـۆم دەرحەق بە بەختـەوەری دەڵێم هەرگیـز لەوە تێنەگەیشـتم کە چۆن بەختـەوەری بەدەست بهێنم... لەکاتێکدا کـە بۆ خـۆم سەرجەم ئەم گاڵتەجاڕییەی سروشتم پێ بێ ماناو هیچ و پووچە... ئەم سروشتە تاوانبار دەکەم کە منی بۆ ئازارکێشان هێنایە دنیاوە... سروشتیش بە نەمان لەگەڵ خۆم بە نەمان مەحکوم دەکەم).

" ئەلبێر کامۆ" خۆکوشتنی کیریلۆڤ پاڵەوانی رۆمـانی"تارمـاییەکانی" دۆستـەیڤسکی بەخۆکوشتنی باڵێ ناودێر دەکات، چونکە لە ڕوانگەی دنیابینییەوە خۆکوشتنی لا دەبێتە تەنیـا رێگەچارەیەک، چونکە "کـیریلۆڤ" گـەیشـتـووەتە یەقین لـە نەبوونی خـوداوەند، وەک "کامۆ" دەڵێت:

(ئەگەر خـوداوەند نەبێت ئەوە کـیریلۆڤ خـواوەندە.. ئـەگـەر خـواوەند بوونی نـەبێت، ئەوە دەبێت کیریلۆڤ خۆی بکوژێت، تاوەکو ببێتە ئەو).

ئەوەی کە پێـشتـر ئامـاژەم پێی دا وەک ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر سـەبارەت بـەخـۆکوشـتن بەتایبەت لە تێکستێکی ئەدەبیدا. سەبارەت بەپرسیـارەکەشتـان دەتوانم بڵـێم ئێمـە وەک میللەتێک تا ئەم ساتەوەختەش بێجگە لەشیکارێکی ئەرکیۆلۆژی خێڵەکی هیچ توێکارییەکی دیکە پەی بـەپەنهـان و شـاراوە سۆسـیۆلۆژییـەکانمان نابـات، ئاسـتـەمـە باس لە خـودێکی دابڕاو بکەین لەکۆمەڵ، نیسبی بوونی ئەوەی کـە ئێمـە لە بارەیەوە دەدوێن وامان لـێ دەکات لە دوورەوە تێی بڕوانین و مــامــەڵەی لەگــەڵ بکەیـن، چونکە زۆر لـەو بابەتـانەی لای ئێـمــە

واکـەوتووەتەوە کـە زۆر قـووڵن، ڕاسـتـیـیـەکـەی زۆر ڕووکـەشین، نازانم ئیـشکالێک لە ڕاڤەکردندا دەبینمەوە وەک "فۆکۆ" دەڵێت:

(نهێنی شـتـەکـان لەوەدایە کـە جـەوهـەریان نـیـیـە یان دەسـپـێکی جـەوهـەرەکـەیان لەو شێوانـەدایە کە نامـۆن پێی و هێدی هێدی لێـوەی سـەرچاوەیان گرتـووە)... نیـسبـیـیـەتی تێڕوانین وامـان لێ دەکات بگەینە ئەوەی کە هیـچ یاسایەکی بنەڕەتی و تێڕوانـینێکی ئەوتۆ نیـیـە ببێتـە وەڵام، خـۆی گەورەترین گرفت لە بوونی وەڵامـدایە نەک نەبوونی، مـەبەسـتم لەو وەڵامـانەیە کە ڕاپێچی نێو دۆگمـا و راوەسـتـانمان دەکـەن، ئیدی بوون و نەبوونی دەوروبەر هـەرچەندە کێشـەیە، بەڵام ئەگەر تۆ مەبەستت بێت خۆت بکوژیت، ئەوە هـەر دەیکەیت.

**هێمن حەمەجەزا:**

بەداخـەوە، ئێمـە کۆمـەڵێکین هـەمیشـە ئەو مافـەمان بەخـۆمان داوە قسە لەسـەر ئەوی تر، بەبێ ئـامـادەبوونی خـۆی، بکەین. کـە بەبڕوای من ئـەمـە نەک تەنهـا وەک دیاردەیـەک لەناو ئێمەدا هـەیە، بەڵکو بۆتە بەشێک لە کەلتوورو مۆڕاڵ و چووەتە پێکهاتەمانەوە.

سـارتەر دەڵێ: "ئەوانی دی، دۆزەخن!"... کتـومت دەڵێی ئـەم بیرمـەنـدە ئەم وتەیەی بۆ ئەم کۆمـەڵەی ئێمـە وتووە، لە حـاڵەتێکی تەواو ئاسـایی ونۆرمـاڵدا ئێمـە بەبەردەوامی ئەو مـافـە دەدەینە خۆمان کە لە غیابی ئەوانی دیدا، دونیایەک قسە و حیکایەتی بێبنەما لەسەر ژیانی ئەوانی تر دروست بکەین، ئەمـە جگە لەوەی ئێـمـە هـەمـیشـە لە بری ئەویتر بیردەکـەینەوە، بڕیار دەدەین وقـسـان دەکـەین، و هـەر لە غـیـابی ئەوانی تردایە کـە ئێـمـە سنوور بۆ خـەیاڵ وبیرکردنەوە و بۆچوون وڕوانینیان دادەنێین!

ئێـمـە هـەمـیـشـە وەک بڵـێی لە بۆسـەدابین بۆ تەسککردنەوەی سنووری خـەیاڵ و ژیان و ئازادییـەکانی ئەوانی دی، پرۆسـەی خودکوژیش ئەگەر هـەر لەناوەکـەیەوە تەماشـا بکەین تا دەگاتە کـردەکە، پرۆسـەیەکی تەواو فـەردانی وزاتییـە! بەڵام ئێـمـە لێرەشـدا جـارێکی دی، ڕوخسـەت بەخـۆمان دەدەین و جگە لە قسـەکردن، بگرە حـوکمی باش وخـراپیشی بەسـەردا دەدەین و لـە بری کـــەسی خـــاوەن کـــردارەکـــەش هەندێک وەڵام بـەخـــۆمـــان وئەوانی دی دەدەینەوە!

ڕەنگە تا ئێرە ئاسایی بێت وحوکمی بێسەوادی کۆمەڵگە قەبووڵ بکەین!

**مەهدی زریان:**

بەشێوەیەکی گشتی و سروشتی، مەحـاڵە دەوروبەر بکەونە نێو پرۆسـەی خـۆکوشتنەوە،

لەبەرئەوەی هەر تاکێک و بەشێوەیەکی جوداواز لە ئەویدی، بیر لە هەر شتێک دەکاتەوە و ئەگەر هاتوو بووین بەبەربەست لە بەردەم وەها حاڵەتێکدا، ئیدی بمانەوێ یان نا، لە هەوڵی لێسەندنەوەی ئازادیی ئەو کەسەدا دەبین، چونکە ئێمە خواستی ئەو ڕەت دەکەینەوە و هیی خۆمان لە شوێنیدا دادەنێین... بەڵام دەکرێ چەند کەسێک کۆک بن لەسەر خاڵێکی هاوبەش کە دواجار چارەنووسی هەموویان بەرەو ڕووی ئاکامێکی ویستیی دەکاتەوە، مەرجیش نییە ئەم کۆمەڵە خەڵکە هەموویان خەڵکی کۆمەڵگەیەک یان وڵاتێک بن، یاخود لە ژێر هزر و ئایدیای تاکە کەسێک، بەڵام ناکرێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە مومکینە لە هەندێک حاڵەتی وەهادا سیستەمێکی نادروست وەکو پاڵنەر نائامادەییی هەبێ، تا لە ڕێگەی ئەم ڕەهەندە نائومێدکار و تێکشکاندنە کۆمەڵییەیەوە بگا بە ئەنجامە ویستخوازە نابەرپرسیارییەکانی خۆی.

**عەبدولخالق یەعقووبی:**

بۆ هەمیشە دەوروبەر بەشێکی لێکدانەبڕاوی خۆکوشتنی هەر مرۆڤێکە و بەتایبەت بۆ نووسەر، ئەمەیش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: یەکەم، نووسەر هەوێنی زۆربەی هزرەکان و کارەکانی، یەکێکیش لەوان بیرۆکەی خۆکوشتن، لە کارێک یان بیرکردنەوەیەک لە نێوان خۆی و دەوروبەردا سەرهەڵ دەدا، دووەم هۆکاریش ئەمەیە: گەلەک جار شێوازی بیر و نووسینی نووسەر کاریگەریی هەیە لە هەڵوێستی دەوروبەر لە بەرانبەر ئەم کارەیدا، بۆ وێنە: لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، خۆکوشتن تا ئێستایش بەگوناهی گەورە دێتە ئەژمار، ئەمەیش بەهۆی باڵادەستی و کارگەریی و شێوە تێفکرینی ئاینی و هێژموونی پیاوانی ئاینی کە بنەمای تەفسیرەکانیان دەقی قورئانە، نەک دەرهاویشتەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە جوان و کوشندەکانی کۆمەڵگە.

## بەربەستبوونی دەوروبەر لە بەردەم پرۆسەی خۆکوشتندا، واتەی لێسەندنەوەی ئازادیی تاکەکەس دەگەیەنێ؟

**یوسف عیزەدین:**

تاکەکەس لەکۆمەڵگەدا جگە لە ئازادییەکی بەناو و بێمانا و ساختە خاوەنی هیچ شتێکی تر نییە، تاکە کەس بەشێکە لەو دەسەڵاتەی کە بێ تاکە کەس بوونی نییە، کۆمەڵگە ئەو زیندانەیە کە تاکە کەسی تێدا زیندانییە، تاکەکەس بێجگە لە بوونەوەرێکی قێزەوون و

نەفرەت لێکراو لە ڕوانگەی دەسەڵات و سیستەمەوە هیچی تر نییە، باس و خواسی لیبرالییەت و سۆسیالیزم و کەپیتالیزم و یەکسانی و سەرجەم باس و خواسەکانی دیکە بێمانا و لێکچوون، لەوەتەی دەسەڵات هەیە، مرۆڤ کۆیلەیە، کۆیلەی هەموو شتەکانە، دەربازبوون خەونە، خەیاڵە، یان بە واتایەکی تر ئەو مەرگە ئیختیارییەیە کە پێی دەگوترێت خۆکوشتن، سەیر نییە لەو وڵاتانەی کە بەپێشەنگی دیموکراسییەت لای ئێمە ناسراوە، زۆرترین ژمارە لەگەنجان و بەڵکو تەمەنە سەرووترەکانیشیان خۆیان بکوژن، ئەمە جگە لە بوونی دەیان ڕێکخراوی نهێنی کە تەشویقی کردەی خۆکوشتن دەکەن، وەک "ساتانیستەکان" و چەندینی تر، ساڵانێک لەمەو پێش زۆر خۆکوشتنی بەکۆمەڵ ڕووی دا لەنێو گەنجاندا، ئەگەر حکومەت و سیستەم و دەسەڵات و کۆمەڵ وەک پێگەیەکی تەقلیدی و میتافیزیکی لە تێڕوانیندا دژ بەخۆکوشتن بێت بەگشتی و خۆکوشتنی گەنجانیش بە تایبەتی دیارە لەبەرئەوەی نییە، زۆر مرۆڤ دۆستە بەڵکو لەبەرئەوەی یەقینە بە بێهێزی کاری نوێ و توانای گەنجان ناتوانێت ئیدامە بەخۆی بدات.

**ئارام کاکەی فەلاح:**

نەخێر من وای نابینم ، چونکە من ئازادی بەو شێوە ڕەهایە نابینم ، بەڵکو لەملکەچی کۆمەڵێ یاسا و جەبردا دەیبینم.سارتەر دەڵێ مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادە، خۆی ئازادی خۆی دەستنیشان دەکات، و ئەو دەڵێ کە ئازادی جەوهەری بوونی هەموو کەسێکە.بەڵام دژ بەمە بوونیادگەرییەکان دێن و باسی ئەو یاسا و جەبرانە دەکەن کە سنوور بۆ ئازادییەکان دادەنێن و پێیان وایە کە ئازادی مرۆڤ ملکەچی کۆمەڵێ یاسای ترە و کۆمەڵێ جەبری هەیە کە پێمان دەڵێت کە بەڵێ ڕاستە مرۆڤ ئازادە و بەئازادی لەدایک دەبێ ،بەڵام ئازادی ڕەها نییە و پێویستی بەسنوورێک هەیە دەسنیشانی ڕەهەندەکانی بکات، بۆیە منیش مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی تەواو ئازاد نابینم و بڕوام بەوە نییە کە بۆ نموونە لە کردەیەکی خۆکۆژییدا سەربەست بێت و ئەم کردەوەیەش لە ئاگاییەوە بێت یان نا ئاگایی ،کاری خراپ ئەکاتە سەر دەوروبەر.

**مەهدی زریان:**

ئەو دەمەی لە دیدگەی کەسێک ژیان دەبێ بە دۆزەخ و پڕ دەبێ لە نابەرابەری، هاوکات، هیچ جوانی و پیرۆزییەک نامێنێتەوە و سەرجەم گۆڕانەکان بەپێچەوانەی ویستەکانی ئەم (خود)ە خۆیان نمایش دەکەن و لە بازنەیەکی پووچ و قێزەوندا دەخولێنەوە، کاتێک کەسێک

هەست بەمە دەکا کە ژیان بیابانێکی وشکی هەڵپرووکێنەری بێ سەروبەرە و نائومێدی و تەنیاییش وەکو داڵ بە ئاسمانی بیرکردنەوەیدا دەسووڕێنەوە، کە دەبینێ لە بازاڕی (بوون)دا هەموو شتێک نرخ و ژمارە و پێوانەی بۆ داندراوە، جگە لە مرۆڤ، سەرەتا بیر لە گۆڕینی ئەو واقیعە بێ ڕەنگە دەکاتەوە، تا لە ڕێگەی ئەم گۆڕانکارییەی بتوانێ دەسەڵاتی ئەقڵیی خۆی بنوێنێ، بەڵام کاتێک لە ئەنجامدا بۆی دەردەکەوێ گۆڕانەکان لە سەروو دەسەڵاتی ئەودان، هاوکاتیش فریادڕەس و کۆمەککار و هاوڕێگەلێکی بۆ نادۆزرێنەوە، تا هیچ نەبێ بەکۆمەکی ئەمانە هەندێک لە خەمە گەورەکانی کاڵ ببنەوە، ئیدی ناچارە دەستبەرداری کۆی خەون و پرۆژەکانی ببێ، کە وەهایشی کرد وەکو شووشە هاڕەی دێ... کاتێک کەسێک بەتەواوی متمانەی بەبوون و کاریگەریی خود نامێنێ بەسەر ژیان و کۆمەڵگە و ئەوانی دی، ئیدی بخوازێ یان نا، بوون و نەبوونی خۆی وەکو یەکتری تەماشا دەکا و دەکەوێتە بەرانبەر ئەنجامگیرییەکی وەها کە خۆکوشتنی ئەو هیچ شتێک لە بەهاکانی و دنیا و دەوروبەر ناگۆڕێ، بۆیە وەها لەیەکی دەداتەوە کە تاڵە موویەکیش نایبەستێتەوە بە جیهانی زیندووەکان، دواجار، خۆی وەکو بارگرانییەک و ئەرکێکی قورس دێتە پێش چاو لە بەرانبەر ژیان دۆستەکاندا، هەر ئەمەیشە کە دەبێ بەیەکەم هۆکار بۆ خۆ دەربازکردن لە تەلبەندی نامۆبوون و ئازارە ویژدانی و ڕۆحییەکان، کەواتە: لە ئەنجامدا تەنها شتێک کە مایە و شیاوی پەسەند بێ لەلای وەها کەسێک، لە خۆکوشتن بترازێ هیچی دیی نییە، ئەوە بۆیە پێی وەها دەبێ کەوا بەچوونە نێو ئەم پرۆسەیە کودەتایەکی گەورە بەسەر ژیاندا دەکا و بە کۆمەکی سڕینەوە جوانییەک دەئەفرێنێ.

ئەگەر ئێمە بیر لە خاڵی حەقیقەت بکەینەوە، ڕوانینەکە هیچ ناکۆکییەک بەرهەم ناهێنێ لەگەڵ خود-دا، چونکە تا ئەو کەسە هەیە پرۆسەی ژیانکردن و چەمکی بوون هەڵگری هیچ واتەیەکی ئینسانی و ئەخلاقی نین، ئیدی ئەمەیش یەکێکە لە خەسڵەتە جوانەکانی مرۆڤ لە کاتی ژیانکردندا، واتە پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئەخلاق و بەها دانان بۆ کەسی بەرانبەر، کاتێک کە دەخوازێ پێگە و ئامانجی تایبەتیی خۆی هەبێ و وەکو خودێکی ئازاد و جوداواز تەماشای بکردرێ.

پێموایە، دەوروبەر کاتێک دەتوانێ ئەو جۆرە کەسانە لە بڕیاری خۆکوشتن پەشیمان بکاتەوە، بەوەی کە هەستکردن بە نامۆبوونیان لەلا بسڕنەوە و ڕێڕەوی ئامانجەکانیان لێ نەگۆڕن، ئەم خاڵەیش کاتێک بە مەنتیقی پەیڕەو دەکرێ کە درکیان بکەن و جوانییەکانیان پیشان بدەن، ئەو جوانییانەی کە پێشتر نەکەوتوونەتە پێش چاوی ئەو کەسەی کەوا بیر لە

پرۆسەیەکی وەها دەکاتەوە و دەیەوێ بوونی خۆی بسڕێتەوە، بۆیە ئەگەر توانستی ئەوەیان هەبێ کە ئەمە پراکتیزە بکەن، ئەوە پێش هەر شتێک کارێکی ئینسانیی و ئەخلاقی دەکەن، نەک لێسەندنەوەی ئازادیی تاکەکەس، چونکە ئەم فاکتەر و نیشانانەی کەوا لە سەرەوە باسم کردن، وەکو: نامۆبوون، تێکشکان، بێدەسەلاتی، بێبەهایی و... ... ... بە تەواویی حەزی تاکەکەس خاڵیی دەکەنەوە لە ژیانکردن و بەردەوامیدان بەبوون، بۆیە ئەوە بە سانایی دەبینین کەوا ئەو کەسانەی دەچنە نێو پرۆسەی خۆکوشتن، ئەوەندەی کەسانی بیرکەرەوەن-بیرکەرەوەی جوداواز...-، ئەوەندە ئەو کەسانە نین کە ئاسایی تەماشای بوون و نائومێدی و بەهای تاکەکەس- خود- دەکەن، ئەمەی لێرەدا ئێمە مەبەستمانە بە تەواوی ڕۆشنایی بکەینە سەر، ئەمەیە: ئەو کەسانەی کە خۆیان دەکوژن دەخوازن پێمان بڵێن کە مادام ئێمە لەم ژیانەدا نەگەیشتین بە حەقیقەتی ئامانجەکانمان، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین لە ژیانی دووەمدا هەوڵ بدەین و بەشێوەیەکی دی بەرەو ڕووی ئامانجەکانمان ببینەوە-لێرەدا ژیانی دووەم مەبەست لە بەهەشت نییە، بەڵکو شتگەلێکی دی کە تا ئێستە پەییان پێ نەبردراوە-، چونکە ئەو کەسە بیرکارانە پێیان وەهایە کە بە کۆمەکی ئازارەکانی ئەم ژیانە ژیانەکەی دی خۆیان جوان دەنوێنێ، ئەمەیش بۆ ئەوانە بەسە.

**عەبدولخالق یەعقووبی:**

لە کۆمەڵگەیەکی لیبراڵدا مرۆڤ مافی هەڵبژاردنی هەموو شتێکی هەیە، بەو مەرجەی ئەم هەڵبژاردنە زەرەری گشتیی بە دواوە نەبێ. ئازادی ئەو کاتە شیاوی ڕێزلێگرتنە کە لە خزمەت گەشەکردنی قابیلییەتەکانی مرۆڤدا بێ، سەرباری ئەوە خۆکوشتن لە وەها کۆمەڵگەیەکدا پەسەند نەکردراوە لەبەرئەوەی کردەیەکە دژ بە پرانسیپەکانی سەروەریی مرۆڤ، چونکە بەکوشتنی مرۆڤ ئەم سەروەرییە دەکەوێتە نێو دۆخێکی پڕ لە شڵەژان و مەترسییەوە، بەڵام بەپێچەوانەی کۆمەڵگە سوننەتگەراکان، لەم گۆمەڵگەیانەدا مرۆڤی خۆکوشتوو بێڕێزیی بەرانبەر نانوێنرێ، بەڵکو هەر خۆکوژییەک دەبێ بەمایەی هەڕەشەیەک لە نەزمی کۆمەڵایەتی، بۆیە لە بری تەکفیرکردنی کەسی خۆکوژ هەوڵی دۆزینەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی پشت ئەم حاڵەت و پرۆسەیە دەدەن.